# هەولێر

# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١١١٦ - ١٣٣٠ کۆچی
١٧٠٥ - ١٩١٢ زایینی

هەواڵنامەی کتێب

ئامادە و پێشکەشکردنی:
**د. نەوزاد یەحیا باجگر**
وەرگێڕان: **ئاشتی ڕەحمان**

# هەولێر
# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١١١٦ - ١٣٣٠ کۆچی
١٧٠٥ - ١٩١٢ زایینی

بەرگی یەکەم

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان
جیهان پرێس
٢٠١٨

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**
وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

هەوالنامەی کتێب





| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | **هەولێر** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا |
| بەرگی یەکەم | ١١١٦ - ١٣٣٠ کۆچی ١٧٠٥ - ١٩١٢ زایینی |
| ئامادە و پێشکەشکردنی | د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر |
| وەگێڕان (زمانی عوسمانی) | ئاشتی ڕەحمان |
| بەڕێوبەری هونەری | کامیلۆ ئارتمەند |
| دیزاینی ناوەڕۆک | بنار حامد ا دەلال ئازاد |
| بڵاوکراوەی | زانکۆی جیهان ا جیهان پرێس |
| چاپ | یەکەم ٢٠١٨ هەولێر |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (     )ی ساڵی ٢٠١٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیری



بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان:
Download Books
www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی ئەم
کتێبە پارێزراوە بۆ
زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

دەتوانین زۆر بە سانایی بڵێین رووداوەکان، کارەساتەکان و بەسەرهاتەکان بۆ ئەوەی بخرێنە قاڵبێکی باوەر پێکراوەوە، پێویستی بە سەلماندنە، ئەم سەلماندنەش لە رێگای بەڵگە، نووسراو و دەست نووسەکانەوە دەبێت، بە تێپەربوونی کات ئەم نووسراو و دەست نووسانەش چ بە نووسین بێت یاخود بە باس کردن بێت، لە ژیانمان شوێنێکی گرنگ و پر بە بایەخ پر دەکەنەوە، ئینجا لە هەر بوارێکی ژیان بێت، مێژوو، جوگرافیا، یاسا یاخود پزیشکی بێت، هەڵبەتە بۆ هەر یەکەیان بەڵگە و دەست نووسەکان بەهای تایبەتی خۆیان هەیە، هەر چەندە ناتوانین یەکێک لەم بوارانە بەسەر بوارەکەی تردا سەربخەین و پلەیەکی بەرزتری بۆ دابنێین، هەروەک باسمان کرد هەر بوارێک لە بوارەکاندا بۆ ژیانی مرۆڤ سوود و تایبەتمەندی خۆی هەیە، دوای چەندین ساڵیش کاتێک مرۆڤ باسیان دەکات پێویستی بەوە دەبێت قسەکانی بسەلمێنێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە بەڵگە دەبێت، بۆ نموونە مێژوو یەکێکە لەم بوارە گرنگانە کە پێویستی بە بەڵگە و دەست نووس و نووسراوە تا بتوانێت رووداوەکانی رابردوو بسەلمێنێت و بیخاتە قاڵبێکی باوەر پێکراو و دوور لە شێواندن و باس کردنی زانیاری نادروست.

هەولێر یەکێکە لە شارە کۆنەکانی جیهان، دەگەرێتەوە بۆ ٥ هەزار ساڵ پێش زایینی، کە چەندین شارستانیەتی جیاواز دەستیان بەسەر داگرتووە، وەکو ئاشووریەکان، بارسیەکان، سلوقیە و ساسانیەکان، هەروەها بووە بە بەشێک لە دەوڵەتی ئەمەوی دواتر عەباسییەکان؛ لە دوای شەری چالدێرانیش لە ١٥١٤ کە لە نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکان روویدا، کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان تا ١٩٢٠ بوو بە بەشێک لە خاکی عێراق.

هەولێر وەکو مەرکەزی قەزا لە دوو ناحیە و ٣٠٠ گوند پێک هاتبوو، لە رووی کارگێریەوە پەیوەست بووە بە بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە یا ئەوەتا بە موسڵ، بەغداد یاخود بە شارەزوور بەستراوەتەوە، جگە لەوە بەهۆی گرنگی شوێنەکەی خاڵی بەیەک گەیشتنی کاروانەکان بووە، هەر بۆیە لە رووی گواستنەوە و بازرگانیەوە خاوەن پلەوپایەیەکی گرنگ بووە، هەر لە سەدەی ١٦ هەولێر چووە ژێر فەرمانرەوایی عوسمانیەکان، لە رووی کارگێری، دارایی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی و سەربازی و سیاسییەوە یاسا و رێنماییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تێدا پەیرەو کراوە.

دوای ئەوەی هەولێر بووە بەشێک لە خاکی عوسمانیەکان، ئەو نووسراوانەی لەو سەردەمە بۆ دەوڵەت دەنووسرایەوە و کاروباری کارگێری دەوڵەتی پێ بەرێوەدەبردرا، ئێستا بوونەتە بەڵگەی فەرمی و لە رووی مێژووییەوە بەکار دەهێنرێت و زانیاریەکی پوخت و باشی تێدایە.لە نێو ئەو بەڵگانەدا جۆرەها بابەتی جۆراوجۆر لە رووی سیاسی، سەربازی، کارگێری، کۆمەڵایەتی و دادگایی نووسراوەتەوە، ئەو زانیاریانەی لە ناو ئەو بەڵگانەدا دەست دەکەون، بۆشایی مێژووی پر دەکەنەوە کە لەسەر ئەو سەردەمەدا هەمانە، بۆیە بە ئەرکێکی نیشتمانی و مێژووییمان زانی ئەو بەڵگانەی کە سەر بە هەولێرن لە بەرێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانی لە شاری ئیستەنبۆڵ بیانهێنین و سەرەتا (٣٠٠) بەڵگە لە کتێبێک کۆیان بکەینەوە و بیانخەینە بەردەستی مێژوونووسان، جگە لەوە بەشێکی تریش ماوە پەنا بەخوا بەم نزیکانە ئەوانیش لە کتێبێکی تر دەیخەینە کتێبخانەی مێژوو، بەم شێوەیە بەڵگەی ئەو سەردەمەی سەر بە عوسمانیەکان کە پەیوەستن بە هەولێرەوە هەموویان لە دوو کتێب کۆدەکرێنەوە.

هیواخوازین مێژوونووسان سوود لە بابەتەکانی ئەم کتێبە وەربگرن و کەلێنێکی بچووکی مێژووی کوردستانی پر کردبێتەوە.

**د. نەوزاد یەحیا باجگر**
**سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان**

# ڕوونکردنەوە لە
# بارەی بەڵگەکانەوە

1 • لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و ڕۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و ڕومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی ڕومي یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە ڕومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

2 • جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

3 • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان ڕەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان ڕوون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

4 • لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

5 • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

6 • هەندێک ووشە یاخود ڕاستترە بڵێین زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە

بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پڕ بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان
7 هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت ، واتە هەر لاپەرەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی وەرگێردراوە.

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد،
8 بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

• لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی ڕووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی
9 بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

• لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و ڕستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە
10 کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ ڕیزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ و ڕۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی
11 سەر بەرگەکەی گۆڕانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

**وەرگێر**

هەواڵنامەی کتێب


# وشەکان

| | |
|---|---|
| ئاڵای (الای) | ئاڵای بە مانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئاڵایەک سەنجەقێکی لە ژێر دەستدا بوو. |
| ئەعیان (اعیان) | لە سەرەتا بۆ بەدواداچوونی بریارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکار هاتووە. |
| ئەنجوومەنی والا (مجلسی والا) | ئەنجوومەنی والا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵکی جێبەجێ بکات، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێلەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق | ئەو زەوییانەن کە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک دەرۆیشت. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی همایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیبی، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی رێک نەخراو یاخود نارێک. |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەری کردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن دەبوایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆی وەرگرتبووایە. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار کەس دێت، بینباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە کە تابورێک بەرێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خزمەتی خێرا رۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەرسانە (ترسانە) | یاخود تەرسخانە ئەمەش ئەو شوێنە بوو کاروباری کەشتییە جەنگیەکانی تێدا دەکرا، واتە کارگەی دەریایی و کاروباری دەریایی کە تێدا کارەکانی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە). |
| تیمار | ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەن کە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە دایە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا کە لە شەرِ سوودیان لێ وەردەگیرا یاخود بەو کەسانە دەدرا کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |

| | |
|---|---|
| پارە | ووشەیەکی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەکاتە سێ ئاقچە. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەو شوێنە بووە یاخود ئەو کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەکان هەروەها کە نووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەکرا، بەم شێوەیە ڕێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر، ئەرکێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. |
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەو جلە بوو چەند جۆرێکی هەبوو، جۆرەکانیشی جلی ڕێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە کەسێک دەدرا؛ واتە بۆ سزا و پاداشت وەرگرتن بووە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبۆل پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری ڕووداوەکان، یاخود دەفتەری ڕۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| ڕەدیف (ردیف) | بەو سەربازانە ووتراوە ڕەدیف کە لە دواوەی سەربازی ڕێکخراو دەوەستان و ئەوانەش لە کاتی پێویست چەکیان پێ دەدرا. |
| ڕەژی (رژی) | فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (ڕۆژی هزر) کە بە ناوی ڕۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو ڕۆژەیە لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی ڕۆژژمێری زایینی ڕۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی ڕۆژژمێری رومی ڕۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی ڕۆژەکانی هزر وەرزی هاوین، هەرچی ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی ڕۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە ڕۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین و ڕۆژە گەرمەکان نیشان دەدات. |
| روسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| روسومات (رسومات) | فەرمانگەی گومرگ. |
| ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ریاسەتپەناهی. |
| ریال | ریال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ریکابی همایۆنی شاهانە (رکاب همایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| ریکابی همایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، وایە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |

| | |
|---|---|
| سەدری ئەعززەم (صدر اعظم) | لە دەوڵەتی عوسمانی پلەی لە سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر ووشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەو سەربازە سوارەیە خاوەنی تیمارە واتە زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەو دە یەکە (عشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەو دامەزراوەیە، ئەنجوومەنی والا کارەکانی دەکرد دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا شورای دەوڵەت لە ساڵی ١٨٦٨ دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێری پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێریەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |
| چاوش | ووشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمرۆشمان لە رووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەو پاشایە بوو، کە سەر بە خەزینە بوو، فەرمانبەرێک بوو ئەو داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سەنجاقەکانەوە دەهات، هەروەها جگە لەوە ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی ڤۆیڤۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەرێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، ئەمەش وای کرد بوو ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن. |
| عولوفە (علوفە) | ئەو زاراوەیە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە کۆن لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەرک و خزمەت بوو، ئەو فەرمانبەرانە بوون لە بابی عالی لە ویلایەت لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەرێوەبەری ئەو چینەیە کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری دەرگا بوون. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و برینداركاری برینداركراوەكەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەووترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلە یەک بووە دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی همایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری یەک قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە. |


| | |
|---|---|
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لە ڕێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەست نیشان کردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی ووتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکوومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکوومەت پێی دەوترا قۆناغی حکوومەت. |
| قیە | بە مانای زەوییەکی تەخت دێت، ئەو زەوییە بۆ چاندنی خورما و گەنم بەکارهاتووە. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی بە پلە لە فەرمانبەر پلەکەیان نزمتر بوو، پێیان دەووترا خزمەتکار. |
| کیل | کیلە، بۆ پێوانی دانەوێلە بەکار هاتووە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وولاتی عوسمانی. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا ووشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، ئەو مەنزیلانە تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم شوێنە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەکرێدان و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ووشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەوییانە بوونە کە خاوەندارێتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی ڕێککەوتنیش بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزێنەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتی کردنی بیناسازی هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەش کردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| هومایۆن (هومایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە ڕووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێک هاتوون، بۆ نموونە سوارە یوزباشی، پیادە یوزباشی، ژاندارمە یوزباشی، ڕەدیف یوزباشی. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |


OSMANLI ARŞİVİ
A.} AMD
60 | 74

هەوالنامەی کتێب

| بێ‌ساڵ | 00060.00074 | **A. AMD.** |
| --- | --- | --- |


نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذکر سامیه)
چەتەکانی شەمەرولجەبها عەرەبان لە دەوروبەری کەرکووک گوندی تۆپزاوە و قەزای هەولێر گوندەکانی دوغان و گردعازەبان و ماستاوە کاری بەدیان کردووە و خەڵکی ئەو گوندانەیان ئەزیەت داوە و زیانیان پێگەیاندوون، بۆ پارێزگار کردن سەربازیان ناردۆتە ئەو شوێنانە ئەو پارە و کەلوپەلانەی کە بردوویانە دراونەتەوە خاوەنەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی والی شارەزوور هاتووە، لە سەروو ئاگادار کراونەتەوە و رەزامەندی دراوە، بۆیە پێشکەش کراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .A. AMD | 00068.00009 | بێ ساڵ |


نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذكر سامیه)
بـە فەرمـانی سـەروو لـە ئەیالـەتی شـارەزوور پێشـەکی دامەزرانـدن و مووچـەی ئـاڵای سـەربازی ڕێکخـراوە و جێگیـر کـراوە، دراوەتـە کەرکـووک و قـەزای هەولێـر و سـەنجەقی روانـدز کـە کـۆی دەکاتـە ٥٧٨٧٩ قـوروش و ٢٨ و نیـو پارەیـە، بـە پێـی ووتەکانیـان والی شـارەزوور یـەک پارچـە نـووسراو لەگـەڵ بـری پارەکـە کـە لـە دەفتـەر نووسراوەتـەوە بەیەکـەوە پێشـکەشی سـەروو کـراوە، والی نابـراو وەڵامـی نووسـیوەتەوە و ڕەوانـەی نـەزارەتی دارایـی کـراوە.




هەواڵنامەی کتێب


| A. AMD | 00072.00047 | بێ ساڵ |
|---|---|---|

نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذکر سامیه)
لـە ئەنجوومـەنی والا بـۆ قەڵـەم نێـردراوە، کـە لە سـەروو فەرمـانی پێکـراوە، کاغـەز و داواکاری پێشـکەش کراوە، لـە زانـاکانی سـلێمانی و خەڵکـی هیندیـە ئەحمـەد ئەفەنـدی سـاڵانە ١٠ عولبـە گەنـم، هەروەهـا شـێخەکانی لە سـەر تەریقـەتی قادرییـە شـێخ عوسـمان ئەفەنـدی بـۆ خۆراکـی تەکیەکـەی مانگانـە ٢٠٠ و شـێخەکانی سـەر تەریقـەتی خالیدیـە و خەڵکـی سـلێمانیە شـێخ عەبدولعەزیز ئەفەنـدی مانگانـە ١٠٠٠ قوروش، جگە لـە ئەوانە سـەید محیەددیـن ئەفەنـدی لەگـەڵ سـاڵی نـوێ ١٣ تەقـار گەنـم و ڕۆژانـە ٥ قـوروش، لـە دانیشـتوانی قـەزای هەولێریـش سـەید مسـتەفا ئەفەنـدی لەگـەڵ سـاڵی نـوێ ٦ عولبـە گەنـم، هەروەهـا لـە موسـڵ دانیشـتووی قـەزای عەقـرە حەبیـبزادە شـێخ تاهیـر ئەفەنـدی لـە قـەزای ناوبـراو دە یەکـی (اعشـار) گونـدی سـالیکی پێشـەکی نیـوەی بـۆ هەژمـار نەکـراوە، ئـەوەی لـە دەسـتیانە داوایـان کـردووە، ئەگەر لـە خەزینـەی جەلیلەش نـاردراوە ئـەوا هـەر چۆنێـک بێـت نـەدراوە، هەروەهـا ئەوانـە کۆمەڵێـک زانـا و هـەژارن داوای بەزەیـی پاشـا دەکـەن، بـۆ ڕەزامەنـدی پاشـا بەرائـەتی شـەریفەیان بدرێتـی، لـە خەزینـەی ڕێـک بخرێـت و بـۆ نـەزارەتی دارایـی بنێردرێـت، پاشـا هـەر چ فەرمـان بـکات بـە پێـی ئـەوە کاری بـۆ بکرێـت.




هەواڵنامەی کتێب


| A.AMD. | 00084.00025 | بێ ساڵ |
|---|---|---|
| نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذكر ساميه)<br>لە ئەیالەتی شارەزوور قەزای هەولێر سەرکردەی سەربازانی ئەرکخواز نادر ئاغا ئەو تاکانەی کە یارمەتی دەری ئەون، ٨٠ تاکی سوار، لە وەرزی سەوزایی بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ دامەزراون، بۆ جێبەجێ کردنی جیاکاریەکە، مۆڵەتی نازری دارایی لەگەڵ چوار پارچە راپۆرتی داواکاری بەیەکەوە بە فەرمانی سەروو بەرز کراوەتەوە، هەر چۆنێک بێت فەرمانی پاشا بفەرمووێت بە پێی ئەو جولە دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو کراوە. | | |




| | | |
|---|---|---|
| .IE. EV | 69.7507 | **20 زیلحیجە 1116** |
| لە قەزای هەولێر شێخی زاویەی شێخ عەبدوڵڵا بۆ نوێکردنەوەی شێخایەتی زاویە، نووسراو نێردراوە، ٢٠ زیلحیجە ١١١٦. | | |



| .C. TZ | 138.6880 | 24 شەوال 1125 |
|---|---|---|
| لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعەی یەدی کزلەر بە بری ۳۰۰۰ ئاقچە و مەزرەعەی درتسە بە بری ۳۰۰۰ ئاقچە و زەوی کشتوکاڵی رومرشقە بە بری ۳۰۰۰ ئاقچە لە ماوەیەکی نادیارەوە وێران بووە و بێ خاوەنە، لەبەر ئەوەی بەتاڵە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بدرێتە فەیسەل و یاسین و ئیبراهیم، ئەوانە شایەنی ئەوەن ببنە خاوەنی ئەم زەوییە کشتوکاڵیانە، لەم سەنجەقە لیوای ئاڵای بەگ لە ژێر فەرمانی عەبدوڵلایە، ئەوانەش بە مەرجی ئەوەی لە ژێر ئاڵای ئەو ئاڵای بەگە سەفەر بکەن، لە ساڵی ۱۱۲۵ لە مانگی شەوالی رۆژی ۲٤ ئەم زەوییە کشتوکاڵیانە پێیان دەدرێت و هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ کەرکووک نوسراو دەدرێتە دەستیان و بەرائەتی عالی وەردەگرن، هەروەها داهات و رسوماتەکان بە پێی شەرع دەپێت، بە شێوەی هاوبەش (اشتراک) بیگرنە دەست، جگە لەوەش ناوبراوان دەبێ رێک بخرێن و کەس تێکەڵیان نەبێت. | | |




<table>
<tr><td>.C. NF</td><td>15.709</td><td>کۆتایی جەمادی کۆتایی 1126</td></tr>
<tr><td colspan="3">نامەیەک بۆ والی بەغداد حەسەن پاشا، لە نێوان کەرکووک و قەسەبەی هەولێر پردەکەی سەر ئاوی ئاڵتون تێک چوو بوو، نۆژەن کراوەتەوە، هەروەها بۆ پاراستنی ئەو پردە هەر لە کۆنەوە لە سەر ناوی سێ عەشیرەتی ناوچەکە بووە، ئێستاش بۆ پاراستن و پارێزگاری کردن لەم پردە کەسێکی بە توانا پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی شەریف دراوە و لەوە پێشتریش لەلایەن داراییەوە بە مەرجەکانی هومایۆن لە سەری جێبەجێ دەکرێت و لەوێ دادەنیشێت و ٢٠ سەر بارگیر بۆ مەنزیل بەخێو دەکات بە مەرجی ئەو بارگیرانەی لەم ناوچەیە تێدەپەرن بیانپارێزێت و بەرگریان لێ بکات، بە پلەی میری لیوا بە بەگی پرد دابمەزرێت، ئەم کارە لەم ساڵەوە ١١٢٦ مانگی جەمادی کۆتایی ڕۆژی ٢١ بەرز دەکرێتەوە و دادەمەزرێت، بە پێی فەرمانەکە دواناکەوێت و ناوەستێت بە پێی ئەو بەڵێنەی داویەتی بە مەرجی ئەوەی ٢٠ بارگیری مەنزیل بەخێو دەکات و ئەو بارگیرانەی بەم ناوچەیە تێدەپەرن دەیانپەرێنێتەوە و خزمەتیان دەکات، هەروەها پارێزگاری و پاراستنی خەڵکەکە دەکات، پلەی میری لیوای پێ دەدرێت و وەکو بەگی پردەکە دەست بەکار دەبێت، کۆتاییەکانی جەمادی کۆتایی ١١٢٦.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>.A. E. III. AHMED</td><td>4696.47</td><td>29 زیلحیجە 1126</td></tr>
<tr><td colspan="3">ئەرکی دزداری لە قەڵای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور<br>یوسف رۆژانە بە ٣٠ ئاقچە عولوفە (علوفە) لە قەڵای ناوبراو ئەرکی دزداری کردووە، کۆتایی بە ئەرکەکەی هاتووە، لە شوێن ئەو عومەر دەست بە ئەرکەکەی بکات، هەروەها پارێزگاری شارەزوور یوسف پاشا داوای کردووە عومەر لە ئەم کارە دەست بەکار بێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی داواکراوە حەسەن ئەم کارەی پێ بسپێردرێت، بەڵام وا باشترە عومەر وەلەدەش بە ٣٠ ئاقچە عولوفە (علوفە) لەم کارە دەست بەکار بێت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .C. ML | 112.4971 | **15 سەفەر 1145** |

لەمەوپێش لە هەولێر شێخ سەید مستەفا ئەفەندی لە مزگەوتی شێخ سەیفەددین رۆژانە ١٨٠ ئاقچە و ساڵانە ١٨٠ کیل زەخیرە بە بەرائەتی عالیشانی ئیمام و ووتاربێژ و بانگخواز بووە، خاوەنی زانست و زانیاری بووە، هەروەها شەش مانگ پێش ئێستا لە قەڵای ناوبراو ئابڵوقە دراوە، لەم ساڵە پیرۆزەش خۆی لەناو لەشکر دۆزیوەتەوە لە کاتی شەڕ چاوی راستی بە هۆی فیشەک لەدەستداوە، بۆیە داوا دەکرێت لە ڤۆیڤۆدەی موقاتەعەی دیاربەکر بە ئاقچە یارمەتی بدرێت.



| A. E. I. MAHMUD. | 7991.111 | 29 زیلحیجه 1147 |
|---|---|---|
| لـە قـەزای هەولێـر، توربـەداری گـۆڕی ئیـمام محەمـەد موختـەفی، ئەرکەکـەم خەریکـەی تـەواو دەبێـت، بۆ ئەوەی بـەردەوام بـم لـە خزمەتکـردنی ئـەو مـەزارە، داوا دەکـەم بەرائـەتی عـالی شـانیم پـێ بدەن.<br>سەید عوبیدوڵڵا بەگ | | |



| 1154 زیلحیجه 29 | 9.412 | .C. NF |
|---|---|---|
| - لـە مەنزیـلی هەولێـر ١٠ سـەر ئەسـپ بارگیـر هەیـە، سـاڵانە خەرجـی ئـەو بارگیرانـە ٧٢٥ قوروشـە لـە موقاتەعـەی موسـڵ بـە شـێوەی ئۆچـاق وەردەگیرێـت، بۆ سـاڵی ١١٥٤ بری پـارەی دیـاری کراو لـە موقاتەعەی ناوبـراو وەرگیـراوە.<br><br>- مەنزیـلی هەولێـر مەنزیلچـی لـە گونـدی عەنـکاوە کانـوون کـوڕی خوشـابە و مـوراد کـوڕی قاشـە کوریـا هاتوونەتـە ئەنجوومـەنی شـەرع بـە خۆبەخـش و ویسـتی خۆیـان هـەر یەکەیـان بریارنامەیـان داوە کـە بـێ ئـەوەی حەرامـی بخـۆن، لـە مەنـزلی هەولێـر مەنزیلچینـە و لـە پـارەی موقاتەعـەی موسـڵ بـۆ خەرجـی بارگیـرەکان لـەم سـاڵەی کـە دیـاری کـراوە ٧٢٥ قـوروش تـا سـاڵی ١١٥٤ لـە روزهـەژر هەژمـار کـراوە، لـەم سـاڵەی دیـاری کـراوە کـە ٧٢٥ قـوروش بـە شـێوەی ئۆچاقلـق لـە موقاتەعـەی موسـڵ لـە پارێـزگاری موسـڵ عەبدولجەلیـلزادە حاجـی حوسـێن پاشـا وەرگیـراوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>29 جەمادی کۆتایی 1163</td><td>2.62.2</td><td>C. NF</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە نێوان ئاڵتون کۆپری و سەنجەقی هەولێر رووبەرێکی دوور هەیە کە بە یەکتر ناگەن، ئەوانەی لەم رێگایە هاتووچۆ دەکەن تووشی زەحمەتی دەبن، بۆ ئەم مەبەستە تاتاری والی بەغداد سلێمان پاشا، بە ناوی سادق بە پارەی خۆی بیرێکی لەم رێگایە لێداوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی لەم رێگایە هاتووچۆ دەکەن لەم بیرە ئاو بخۆنەوە، بەم رێگایەش خێر و سەدەقەی بۆ دەنووسرێت، لە ئەنجام بە مەبەستی پارێزگاری کردن و ئاگادار بوون لەم بیرە ئاوییە، داوا کراوە لە دانیشتوانی هەولێر محەمەد و یوسف و حەسەن لە سەر ئەم بیرە دامەزرێن، هەر خۆیان بێ ئەوەی بەرائەتی شەریفەیان هەبێ ئاگاداری ئەو بیرەن، بۆ ئەم مەبەستە داوا دەکرێت فەرمانی شەریفەیان پێ بدرێت.<br>٢٩ جەمادی کۆتایی ١١٦٣</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>C. TZ.</td><td>139.6929</td><td>22 رەمەزان 1167</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە ئەیالەتی شارەزوور لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر ٨٠٠٠ ئاقچە لە مەزرەعەی پیرداود و ٦٠٠٠ ئاقچە لە دوزتەپە لەم دواییەدا وێران بووە و بێ خاوەنە، بەندەتان خالید وەلەدی سلێمان خاوەنی توانایە، کە کار لەسەر ئەم مەزرەعانە بکات، بۆ ئەم مەبەستە ئەم زەوییە کشتوکاڵانە بە خالید وەلەدی سلێمان بدەن و لە شوێنی ئەوە بەرائەتی شەریفی عالی پێ بدەن، ٢٠ رەبیعی کۆتایی ١١٦٧.<br><br>- لە ئەیالەتی شارەزوور لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعەی قۆریتان ماوەیەکە و بەم دواییە وێران بووە و بێ خاوەنە، بەندەتان سلێمان<br>خاوەن توانایە، دەتوانێت کار لە سەر زەوییەکە بکات، بۆیە مەزرەعەی ناوبراو بدرێتە بەندەتان سلێمان و بۆ ئەم مەبەستە بەرائەتی شەریفی عالی پێ بدرێت، ٢٠ رەبیعی کۆتایی ١١٦٧.<br><br>- لە ئەیالەتی شارەزوور سەنجەق و ناحیەی هەولێر بە بری ٦٠٠٠ ئاقچە بە ناوی درگون زەوی کشتوکاڵی ماوەیەکە و بەم دواییە وێران بووە و بێ خاوەنە، محەمەد وەلەدی سلێمان خاوەن توانایە، دەتوانێت کار لە سەر زەوییەکە بکات، بۆیە ئەم زەوییە کشتوکاڵیە بدرێتە محەمەد وەلەدی سلێمان و بۆ ئەم مەبەستە بەرائەتی شەریفەی عالی پێ بدرێت، ٢٠ رەبیعی کۆتایی ١١٦٧.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| AE. SOSM. .III | 17.1099 | 13 رەبیعی کۆتایی 1170 |

- ١٣ رەبیعی کۆتایی ١١٧٠
لە مەنزیلی هەولێر ١٠ سەر بارگیر سالانە ٧٢٥ قوروش کرێی بارگیرەکان لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق هی سالی ١١٦٧ روزهزر تا ١١٦٨ روزهزر کرێی یەک سالی بارگیرەکان پارەی دیاریکراو لە پارەی موقاتەعەی ناوبراو وەردەگیرێت، لیستەکەشی دراوە.

- مەنزیلچیەکانی هەولێر بە ناوی ئەبراهام و سوریش و یرخا هاتوونەتە ئەنجوومەنی شەرع بە پێی بەرائەتی شەریفە لە مەنزلی هەولێر ١٠ سەر بارگیر بوونی هەیە، بری کرێی بارگیرەکان و هەموو خەرجیەکانیان لە موقاتەعەی موسڵ سالانە ٧٢٥ قوروش وەکو ئۆچاقلق دیاری کراوە، بۆ سالی ١١٦٧ لە شاری موسڵ لەلای والی موسڵ لە موقاتەعەی ناوبراو ٧٢٥ قوروش بە تەواوەتی وەرگیراوە، لە کۆتایی جەمادی یەکەم سالی ١١٦٧.
مەحمود چەلەبی / حاجی قاسم سەلام / موسی سالح




| | | |
|---|---|---|
| 13 رەبیعی کۆتایی 1170 | 17.1133 | .AE. SOSM. III |

- لە مەنزلی هەولێر ١٠ سەر بارگیر ساڵانە ٧٢٥ قوروش لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق کرێی بارگیرەکان وەردەگیرێت، ئەمەش ١١٦٨ روزهزر تا ١١٦٩ روزهزر کرێی یەک ساڵی بارگیرەکان لە موقاتەعەی ناوبراو وەرگیراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیستی پارەکە کراوە، ١٣ رەبیعی کۆتایی ١١٧٠.

- مەنزیلچیەکانی هەولێر ئۆراها وەلەدی عەسکەر و سوریش وەلەدی جومعە و سلیوە وەلەدی ئەیاد و برخە لە ئەنجوومەنی شەرع کارەکانیان تەواو بووە، ئەوەی لە دەستمە لە بەرائەتی شەریفە لە مەنزیلی ناوبراو ١٠ سەر بارگیر ساڵانە کرێ و هەموو خەرجیەکی لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق ٧٢٥ قوروش بۆ ساڵی ١١٦٨ وەردەگیرێت، هەروەها لەلایەن والی موسڵ ئەو برە پارەیە بە تەواوەتی خەرج کراوە و نوسراوەتەوە، لە مانگی رەجەب ساڵی ١١٦٨.

موسا / حاجی قاسم / عەلی جەلەبی





| .C. AS | 470.19610 | 13 شەعبان 1179 |
| --- | --- | --- |

- بە پێی بەرائەتی شەریف لە قەڵای هەولێر پۆلیسەکانی قەڵا نووسەری ئۆچاق عەدنان ئەفەندی و سەر بلۆکەکانی، خان ئاغا و چاوش مستەفا جاویش لە ئەنجوومەنی شەرع سوێندیان خواردووە و نییەت پاکی خۆیان سەلماندووە، لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق پارەی ساڵێکی ئەرکی نەفەرەکانیان وەرگرتووە کە ٥٤٠ قوروشە، لە ١١٧٣ هەژمار کراوە، والی موسڵ پارەی دیاریکراوی ئەم ساڵەی لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق کە دەکاتە ٥٤٠ قوروش بە تەواوەتی داوەتە دەست پۆلیسەکان، نوسراوەتەوە لە مێژووی دیاری کراو.
حاجی قاسم سەلام / یەحیا جەلەبی / مەولانا حەسەن ئەفەندی مودەریس

- لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەڵای هەولێر ئەو کەسانەی پارێزگاری لە قەڵاکە دەکەن ئەرکی ساڵانەیان کە ٧٧٧٦٠ ئاقچەیە لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاقلق بۆ ساڵی ١١٧٩ لە موقاتەعەی ناوبراو خەرج کراوە، ١٣ شەعبان ١١٧٩.

- لە ئەیالەتی شارەزوور قەڵای هەولێر ئەرکی ئەو کەسانەی کە کارەکانی خۆیان کردووە، لە موقاتەعە بە شێوەی ئۆچاقلق بۆ تەواو کردنی ئەرکی خۆیان ٨٦٤٠٠ ئاقچە کە هەر ١٦٠ ئاقچە لە یەک قوروش ٥٤٠ قوروش بۆ ساڵی ١١٢١ یەک ساڵ لەمەوپێش ١١٢٠ لە موقاتەعەی موسڵ نێردراوە، لە خەزینەش لە دەفتەر تۆمار کرا، بەڵام قەڵای ناوبراو لە دەوڵەت دوورە، هەموو ساڵ ناتوانن پیاوێک بنێرن و داوای پارەکە بکات و بینێرێت، بۆ تەواو کردنی ئەو کارە بری پارەی دیاریکراو ٥٤٠ قوروش لە موقاتەعەی موسڵ هەموو ساڵێک بە شێوەی ئۆچاقلق دامەزرێت و بەرائەتی شەریفەی پێ بدرێت ئەو کەسە دیاریکراوانە لەلای پارێزگاری موسڵ بەرائەتی شەریفەیان بۆ بکرێت و پارەکە وەربگرن، ساڵی ١١٢١ مانگی جەمادی یەکەم رۆژی ٢٨ ئەو رەزامەندییەم پێیان دا، هەروەها ووتم ئەو نەفەرانە ساڵانە لە موقاتەعەی موسڵ لە ئۆچاقەکانیان تەنیا هەموو ساڵ بۆ تەواو کردنی پارەکانیان پارەی دیاریکراو ٥٤٠ قوروش لە سەرەتای ساڵی ١١٢١ بەدواوە هەموو ساڵ لە موقاتەعەی موسڵ بەرپرسن لە وەرگرتنی پارەی دیاریکراو، لە دەفتەری خەرجیش بنوسرێتەوە، نووسراوەتەوە لە ئەمرۆ ٣ جەمادی کۆتایی ساڵی ١١٢١.

هەوالنامەی کتێب


کتێبی هەواڵنامە

<table>
<tr><td>.C. NF</td><td>42.2080</td><td>29 موحەررەم 1184</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە ساڵی ١١٨٢ لە مانگی قاسم تا ١١٨٤ مانگی روز هزر لە مەنزیلی هەولێر ئەو بارگیرانەی هاتووچۆیان کردووە ژمارە و بڕی کرێیەکەی لە دەفتەر نوسرواەتەوە، ٦٧٤٥٥ ئاقچە، ٧٤٥٥ ئاقچە کەم کراوەتەوە، تەنیا لیستی ٦٠٠٠ ئاقچە کراوە.<br><br>- لە ویلایەتی موسڵ لە هەولێر مەنزیلچی حوسێن ئاغا هاتۆتە ئەنجوومەنی شەرعی لە ١١٨٢ مانگی قاسم تا ١١٨٣ مانگی روز هزر لە مەنزلی ناوبراو ئەو بارگیرانەی هاتووچۆیان کردووە، کرێی یەک ساڵ لەلایەن میری دابین کراوە، بۆ ئەم مەبەستە کەسێک لە کەرکووک بە ناوی عوسمان وەکو وەکیلی خۆی ناردووە، تا پارەکە وەربگرێت، ئیتر فەرمان بۆ دەوڵەتە، ئەمرۆ ٢٥ لە جەمادی یەکەم ساڵی ١١٨٣.</td></tr>
</table>




| 8 شەوال 1189 | 11.537 | .C. NF |
|---|---|---|

- ١١٨٩ لە روزهزر تا روزقاسم مەنزیلەکانی قەرەقوش و هەولێر ئەو بارگیرانەی کە هاتووچۆیان کردووە، لە مەنزیلی قەرەقوشساڵی رابردوو ٢١٦٩٦ ئاقچە کەم کراوەتەوە بۆ ٥٦٩٦ ئاقچە، ١٦٠٠٠ ئاقچە ماوەتەوە، لە مەنزیلی هەولێریش ساڵی رابردوو ٣٢٣٧٤ ئاقچە ٧٣٧٤ ئاقچە کەم کراوەتەوە، تەنیا ٢٥٠٠٠ ئاقچە ماوەتەوە، لیستەکانیش دراوەتە سەروو بۆ جێبەجێ کردن، ٨ شەوال ١١٨٩.

- لە ئەیالەتی شاری موسڵ لە مەنزیلەکانی قەرەقوش و هەولێر ١١٨٩ لە روزهزر تا روزقاسم ئەو بارگیرانەی هاتووچوویان کردووە، کرێی بارگیرەکان لە هەر ساڵێک لە لایەن میریەوە دەدرێت، بۆ ئەم ساڵە بری ئاقچەی شەش مانگ بۆ مەنزیلچیەکان عەبدوڵلا و عەلی رادەست کراوە، بۆیە پێویستە بۆ مەنزیلچیە ناوبراوەکان هەروەها شایەنی ئەوەن کرێی بارگیری ئەو شەش مانگەیان پێ بدرێت، ئەمرۆ ١٥ مانگی رەجەب ساڵی ١١٨٩.




هەواڵنامەی کتێب

| 12 رەجەب 1195 | 340.23761 | A. E. I. ABDULHAMID. |
|---|---|---|

- لە ساڵی ١١٩٣ لە روزهـزر تا ٩٤ لە مەنـزلی هەولێر کرێـی ئـەو ئەسپانەی کـە هاتووچۆیـان کـردووە، بـری بارهەڵگـرەکان نیشـان دراوە، دوای ژمـاردن و لێکدانـەوە بـێ ئـەوەی داشـکانی بۆ بکرێت سـاڵی رابردوو یـەک یـوک و ٣٠٦٢٣ ئاقچـە بـووە، ١٥٦٢٣ ئاقچـە داشـکانی بـۆ کـراوە، ئـەوەی ماوەتـەوە لیسـتی یـەک یـوک و ١٥٠٠٠ ئاقچـە کـراوە.


- لـە گونـدی هەولێـر سـەر بـە شـاری موسـڵ مەنزلچـی بـە نـاوی عـەلی، هاتۆتـە ئەنجوومـەنی شـەرعی راپـۆرتی نووسـیوەتەوە، کـە ووتوویـەتی لـە گونـدی ناوبـراو مەنزلچیمـە، ئـەو مەنزڵـەی کـە مـن بەرێـوەی دەبـەم لـە سـاڵی ١١٩٣ تـا ١١٩٤ بـۆ مـاوەی یـەک سـاڵ ئـەو کرێیـەی کۆبۆتـەوە، داوای کـردووە لەلایـەن دەوڵەتـەوە پێـی بدرێـت، رۆژی ١٢ رەجـەب سـاڵی ١١٩٥.

نائیبی موسڵ عەبدوڵڵا



| 9 شەوال 1239 | 86.4278 | C. TZ. |
| --- | --- | --- |

٩ شەوال ١٢٣٩
لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعە بە ناوی پەرتەوی و ئەوانی تر ١٠٨٦١ ئاقچە زەوی کشتوکاڵی لە ساڵی ١١١٥ لە سەر کەسێک بووە بە ناوی ئەحمەد، لەم کاتەوە تا ئێستا بەتاڵ بووە و بێ خاوەنە، لە ناحیەی ناوبراویش بە ناوی قەتەوی تۆمار کراوە، مولازم لە بلۆکی سەنجەق محەمەد وەلەدی عەلی لە ئۆچاق لە ئەسپ سواری لێهاتووە و بە توانایە لە بەکارهێنانی کەلوپەلی جەنگی. لە هەموو لایەنێک شایەنی ئەوەیە ئەم زەوییەی پێ بدرێت، کێڵگەی پەرتەوی لە هەمان کاتدا بە قەتەویش ناوی دەهێنرێت، لە ١٠٨٦١ ئاقچە پێک دێت لە دەست ئەحمەد نەماوە، بدرێتە محەمەد وەلەدی عەلی، هەروەها بەرائەتی شەریفی پێ بدرێت، نوسراوەتەوە لە سەرەتای مانگی رەمەزان ساڵی ١٢٣٥.





| HAT. | 00323.18920D | 19 زیلقەعدە 1254 |
| --- | --- | --- |

لـە قـەڵای هەولێـر بـە مەرجـی ئـەوەی کـە خەریکـی وانـە ووتنەوەیـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە تیمارێکـی دراوەتـێ تـا بژێـوی ژیـانی خـۆی لەسـەر ئـەو زەوییـە دابیـن بـکات، مەولانـا ئەبـو بەکـر کـە خـاوەن زانسـت و توانایـە، بۆیـە ئـەو زەوییـە هـەر لەسـەر ناوی بمێنێتـەوە و دووبـارە پارچەیـەک بەرائەتی شـەریفی عالیشـانی پـێ بدرێـت.


مەولانا ئەبوبکر کوڕی مەولانا محەمەد
مەزرەعە ٥٤٨٨ / لە ١٢٥٤ / ١٢١١

لـە مزگـەوتی گـەورە (جامـع کبیـر) مـودەرس مەولانـا ئەبوبەکـر خـاوەن زانسـت و توانایـە، لـە وانـە ووتنەوە لێهاتـووە، لـە هەمـوو لایەنێـک شـایەنی ئەوەیـە، بۆیە زەوی پێشـوو یـەک پارچە بەرائەتی شـەریفی عالیشـانی پـێ بدرێت.




هەولێرنامەی کتێب

| A. MKT | 00044.00098 | 8 رەجەب 1262 |
|---|---|---|
| چاودێرانی کشتوکاڵی لە بەغداد و کەرکووک و هەولێر ئەوانەی پیر و نەخۆشن، ژمارەیان ٢١ کەسە خانەنشین کراون، بۆ ئەم مەبەستە ئەو نووسراو و داواکارییانەی لە بارەی ئەو بابەتەوە هاتووە، لە پلەوپایەی سەر عەسکەر پێشکەشی خەزینەی دارایی کراوە، بەڵام تا ئێستا ئاماژە بۆ جێبەجێ کردنی نەهاتووە، ٨ رەجەب ١٢٦٢. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. MVL. | 00006.00037 | 26 زیلحیجه 1263 |
|---|---|---|


لەلایەن والی بەغداد نووسراو لەگەڵ دوو پارچە داواکاری بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، لە یەکێک لە بەڵگەکانی دادوەری بەغداد دانیشتووی قەزای هەولێر، پێش ئەو ماوەیە شەمسی خاتوون بە کوشتن مردووە، هاوسەرەکەی و کورە بچووکەکەی ئیبراهیم لەگەڵ براکەی مەحمود و حوسێن لە کاتی دانیشتنی ئەنجوومەنی شەرعی شەریف، مەحمود بە گۆچانی گەورە بە بێ هەق کوشتوویەتی، بە پێی بریاری دادگا کە لە فەتواخانە بریاری لەسەر دراوە، لە سەر مەحمود ساغ بۆتەوە کە خوشکەکەی کووشتووە، بۆیە بکوژ دەبێ لە ٥ ساڵ تا ١٥ ساڵ زیندانی بکرێت، بە پێی فەرمانی سزای یاسایی دەبێ بکوژ بچێتە دەرسەعادەت و بە فەرماننامەی پاشا لە مێژووی زیندانییەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ناو کەشتی بە سەوڵ لێدان سزاکەی تەواو دەکات.

٢٦ زیلحیجه ١٢٦٣





| | | |
|---|---|---|
| A. MKT. | 00073.00014 | 3 ڕەبیعی کۆتایی 1263 |

بۆ نەزارەتی دارایی
لـە ئەیالـەتی بەغـداد قـەزاکانی کەرکـووک و هەولێـر سـەبارەت بـە باجـی شـەرعی ئـەوا لەلایـەن موسـڵەوە بـەردەوام بـۆ ئـەم و ئـەو دەگوازرێتـەوە، بەم شـێوەیەش هەژارەکان سـوودی لـێ وەرناگرن، بۆ ئەم مەبەسـتە لـە خەزینـەی بەغـداد بـۆ والی ئەیالـەتی ناوبـراو داوای کـردووە لەلایـەن پاشـاوە وەربگیرێـت تاوەکـو ڕەنجی هـەژارەکان بـە فیـرو نـەڕوات، دوای ئـەوەی لـە ئەیالـەتی ناوبـراو نـووسراوی باجـی دیاری کـراو لەلایـەن والی ناوبـراوەوە نێـردراوە، ئـەو ئاقچانـە بـە شـێوەیەکی تـر سـوودی لـێ وەربگیرێـت و جێگیـر و پشـت ڕاسـت بکرێتـەوە، ئەمـەش بـە ڕەزامەنـدی پاشـا، والی موسـڵ باجەکـە کۆبکاتـەوە و ڕەوانـەی خەزینـە بکرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.A. MKT</td><td>80.75</td><td>25 جەمادی یەکەم 1263</td></tr>
<tr><td colspan="3">- بۆ نازری دارایی<br>لـە ئەیالـەتی بەغـداد قـەزاکانی کەرکـووک و هەولێـر باجـی شـەرعیەکانی لەلایـەن ئەیالـەتی ناوبـراو رێـک دەخرێـت، ئـەو نـووسراوەی نێـردراوە لـە وەڵامـدا والی موسـڵ یـەک پارچـە نـووسراوی بـۆ سـەروو نـاردووە.<br><br>- بۆ نازری دارایی<br>نـووسراوی هاتـوو و ئـەو رسـوماتەی کـە لێخۆشـبوونیان تێـدا دەکرێـت، نـووسراو نێـردراوە، لـە وەڵامـدا والی موسـڵ یـەک پارچـە نـووسراو لـە بـارەی ئـەم بابەتـە بـۆ لایـەنی سـەرووی نـاردووە.</td></tr>
</table>



هەولێرنامەی کتێب


| A. MKT. | 00083.00072 | 16 جەمادی کۆتایی 1263 |
| --- | --- | --- |
| بۆ والی بەغداد<br>کوردەکان هەر لە کۆنەوە لە نێوان خۆیان یەکگرتوو و بە سروشت لەگەڵ یەک ئامادەن، هەروەها لە دەورووبەری بەغداد بە هۆی کورد بوونیان نەبادا لەگەڵ بەدرهان بەگ نزیک ببنەوە و بۆنە لە نێوانیان دروست بێت و یەک بگرن، بۆیە پێویست دەکات هێزی سەربازی رەوانەی چواردەوری هەولێر بکرێت و لەوێ دابمەزرێن، تاوەکو کوردەکان نەتوانن یاخی بن و رێگریان لێ بکرێت. | | |




| 1264 زيلحيجه 18 | 00007.00082 | A. MKT. MHM. |
|---|---|---|


بۆ والی بەغداد

لـە قـەزای هەولێـر ئەنبـاری ئەرزاقـی میری پێویسـتی بە نـۆژەن کردنەوەیـە، لـە کاتی دەرخسـتن دەرکەوتووە ٦٠٠٠ قـوروشی پێویسـتە، ئـەوەی بـەم کارە هەڵدەسـتێت دەبـێ دواتـر لـە قـەزای ناوبـراو بـە نـووسراو ئـاگادار بکرێینـەوە کـە تـەواو بـووە، هەروەهـا کاتی ئـەوە هاتـووە زەخیـرەی نـوێ کۆبکرێتـەوە و لـە نـاو ئەنبارەکـەدا هەڵبگیرێـت، ئـەو بـڕە پـارەی دیـاری کـراوە، لەوانەیـە زیـاد نـەکات، بەڵکـو بـە پارەیەکی کەمتر لـەوە نۆژەنکردنەوەکـە تـەواو بێـت، بـە داواکاری، دەفتـەری دەرخسـتن بنێردرێـت، داواکاری و دەفتەرەکـە لەمـەودوا پێشـکەش دەکرێـت، لـە کاتی داواکـردن لـە داهـاتی ئەیالـەتی بەغـداد سـاڵی ٦٢ لـە سـەرەتای ئەیلـوول تـا کۆتایـی ٦٦ ی ئۆغسـتۆس واتـە بـە مـاوەی چـوار سـاڵ لـە خەرجـی ناوەخـۆ تەنیـا زیادەکـەی لە خەزینـەی دارایـی بـە جیـا دەدرێـت، دوای ئـەوە ئەگـەر هـەر زیاتـری ویسـت ئـەوە بـە هەمـان شـێوە روو لـە خەزینـە دەکرێـت.


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT
143 77 4


هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT.</td><td>00143.00077</td><td>13 شەعبان 1264</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی بەغـداد، لـە گونـدی عەنکاوە کەسـێک بـە ناوی سـیلیوە کە لـە ئایینی ئیسـلام وەرگەڕاوەتـەوە و یەکێکـە لـە دەوڵەمەنـدەکانی عەنـکاوە، کەسـێکە خـۆی ناپارێزێت لەو شـتانەی کە لێـی قەدەغەکـراوە، ناوبـراو داوای کـردووە لەگـەڵ دوو کچەکەی و خێزانەکـەی بۆ دەرسـەعادەت بنێردرێت، بـەڵام ئامـاژە بـۆ والی موسـڵ و سـیواس ڕۆیشـتووە کـە پێویسـت بـە هاتنـی نـاکات، بـە پێـی فەرمـانی سـەدارەت کـە بـۆ دەرسـەعادەت نێـردراوە، دوو سـاڵ پێـش ئێسـتا کەسـێک بـە نـاوی مەرعـی نێردراوەتـە دەرسـەعادەت، بـەڵام هێشـتا سـەبارەت بـە ڕۆیشـتنی سـیلیوە جێگیر نەکـراوە، لە راسـتیدا ئەگـەر بمانەوێت ناوبـراو بـۆ دەرسـەعادەت بـروات، ئـەوا مامەڵـەکان چـۆن دەکرێـت و چـۆن جولـە دەکرێـت هیـچ زانیاریـم نییـە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٣ شـەعبان ١٢٦٤.<br><br>والی ئەیالەتی بەغداد / محەمەد نەجیب بەگ</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. | 146.64 | 9 رەمەزان 1264 |
|---|---|---|
| گوندی عەنکاوە سەر بە قەزای هەولێر کەسێک بە ناوی سیلیوە یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی عەنکاوە، لە ئایینی ئیسلام هەڵگەراوەتەوە، بۆ هیچ شوێنێک ناروات و لەگەڵ هیچ کەسێک قسە ناکات، هەر چەندە بە پێی نووسراوی ١٧ رەمەزان ١٢٦٤ داوای کردووە بچێتە دەرسەعادەت، بەڵام واباشترە بنێردرێتە دیاریەکر و لەوێ زیندانی بکرێت، بە پێی فەرماننامەی پاشا نابێت بچێتە هیچ شوێنێک و زیندانی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو بۆ قائیمقامی سەنجاقی دیاربەکر سلێمان پاشا نووسراوەتەوە، لە وەڵامیشدا هاتووە ئەگەر ناوبراو لە زیندانیش بێت، ئەوا پلەکەی مەردە و نەخۆشە، ئەگەر ناوبراو ناچێتە مەملەکەتی خۆشی ئەوا پۆلیسێک هاوەڵی بێت و بۆ شوێنێک بیبات و نیشتەجێی بکات، ٩ رەمەزان ١٢٦٤.<br>والی ئەیالەتی کوردستان | | |


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A. MKT. | 148.65 | 17 شەوال 1264 |


بۆ والی بەغداد
بەرزنجی‌زادە شێخ مەحمود ئەفەندی لە نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن، لە ئەیالەتی بەغداد لە ناحیەی هەولێر، لە گوندی پیرداود شێخ پیرداود لە داهاتی ئاوقاف دوو پارچە کێڵگە بەڕێوە دەبات، لە بەرامبەر کاری شێخایەتی و توربەداریەکەی لە نیوەی، خاوەنداریەتی پێنج بەشی دەکات، بەڵام ئەو کێڵگانە لەلایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەرداگیراوە، هەر لەساڵی ٦٢ سەرەتای مانگی جەمادی یەکەم ئەو بەشە لەسەر ناوی ناوبراوە، بۆیە ناوبراو بۆ وەرگرتنەوەی بەشەکەی خۆی داواکاری پێشکەشی والی بەغداد کردووە.


هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. | 00160.00003 | 29 زیلحیجه 1264 |
| --- | --- | --- |

- بۆ والی شارەزوور عەلی پاشا
نـووسراوی بەرێوەبـەری کاغـەزەکانی بـابی عـالی جەمیـل بـەگ ئەفەنـدی کـە سـاڵی ١٢٦٤ لەگەڵیـەتی، بەڵێنی داوە بەرپرسـیارێتی داهـاتی دە یەکـی (عشریـە)ی قـەزای هەولێـر هەڵبگرێـت، نـادر ئاغـا لـە قـەزای هەولێر بـەم کارە هەڵسـاوە، بـەڵام ئەگـەر تـا ئێسـتا داهـاتی دە یـەک (عشریـە)ی لـە ئەسـتۆ گرتبێـت، کەچـی یـەک ئاقچـە پـارەی نەنـاردووە، جگـە لەوە بە پێی قسـەکانی خـۆی داهاتەکە لەلایـەن قەبزداری (قبضـدار) هەولێر مسـتەفا ئاغـا بـردراوە و دراوەتـەوە ژمێریـاری بەغـداد و لەلایـەن فەرمانبـەرانی ژمێریـاری لـە نـاو دەفتەرێک نووسراوەتـەوە و دراوە، لـە راسـتییدا دەرنەکەوتـووە ئەوەیـان بـە چ جۆرێـک بـووە، بـۆ بەرێوەبـەری قـەزای ناوبـراو نـووسراو نێـردراوە، لـە بـارەی هێنـان و بـردنی دەفتـەری ژمێریـاری ئـاگادار کراونەتەوە.

- بۆ بەرێوەبەری قەزای هەولێر
نـووسراو بـۆ والی شـارەزوور نێـردراوە، پێویسـتە بە خێرایی راسـتییەکان ئاشـکرا بکرێـن و دەفتـەری ژمێریاری بـۆ ئێـرە بنێردرێت.


İ.MVL. 159/4604
1

هەواڵنامەی کتێب


| .I.MVL | 00159.004604 | 9 رەبیعی کۆتایی 1265 |
|---|---|---|

- ئەو مووچەی بۆ بەگەکانی خۆشناو تەرخان کراوە کۆتایی تشرینی یەکەم ١٢٦٥


محەمەد بەگزادە یەحیا بەگ ٥٠٠ / بەکر بەگ ٤٥٠ / .......... قەدری بەگ ٣٥٠ / .......... محەمەد بەگ ٤٠٠ / عوسمان بەگزادە مەحمود بەگ و برادەری محەمەد بەگ ٣٠٠
٢٠٠٠

- بەگەکانی خۆشناو بەهۆی چەندین خراپەکاریان ئێستا لە هەولێر و کەرکووک و کۆی سەنجاق نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەوانە مووچەیەکیان نییە و هیچیان نییە تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، بۆیە بە شێوەیەکی کاتی داوا دەکەن مووچەیەکی دیاریکراو مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، بەمەش والی بەغداد مووچەی دیاری کراو دابین کراوە، لە ٧ سەفەر ١٢٦٦.


- بەگەکانی خۆشناو لە رابردوو بەهۆی خراپە کاریەکانیان ئێستا لە کۆی سنجاق و هەولێر و کەرکووک نیشتەجێ بوون، هەر چەندە ئەوانە نیشتەجێ کراون، بەڵام مووچەی یەک رۆژیان نییە، هەروەها شتێک نییە بژێوی ژیانیان پێ دابین بکەن، وا باشترە ئەوانە مووچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە، چونکە پێشتر بردراونەتە بەغداد و ماوەیەک لە زیندان ماونەتەوە، دواتر رەوانەی کەرکووک کراون، لەوێ تووشی پەرێشانی بوونەتەوە، بۆیە بۆ هەر یەکە مووچەیەکی دیاری کراو ببڕێتەوە، تا ئەو کاتەی وەکو جاران دەست بە کشتوکاڵ دەکەن، ٩ رەبیعی کۆتایی ١٢٦٥.


I. MVL. 159/4604

4



I. MVL. 159/4604

2



| 14 رەبیعی یەکەم 1267 | 46.1 | A.MKT.UM. |
|---|---|---|
| بۆ والی شارەزوور<br>لە هەولێر گوندی دووسەرە سەر بە سانجەقی شارەزوور، خەڵکەکەی ئەم گوندە داوای پاراستن و پارێزگاری دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە یەک پارچە فەرماننامە بۆ والی ئەیالەتی شارەزوور نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جێبەجێ کردنە. | | |






| HR.SYS. | 00080.000040 | 25 رەبیعی یەکەم 1268 |
| --- | --- | --- |

- لایەنگری دەوڵەتی فەرەنسی بە مەبەستی بازرگانی لە موسڵ نیشتەجێ بووە، کاروانی برام غیتبوی هوجە جوانی بۆ جەنابتان لە گەیشتنە

- بۆ برام جەنابی هوجە جوانی
ڕۆژی شەممە بەیانیەکەی بارەکان هەڵگیران لە ئاڵتون کۆپری بەرەو هەولێر بەرێکەوتن، بە ماوەی سێ کاتژمێر گەیشتنە ئاوی باریک (اینجە صو) چەتەکانی شەمار هاتوونەتە سەریان و هەموو ئاژەڵ و بارەکانیان بردووە، والی ئەیالەتی شارەزوور عەلی پاشا کە پێی ووتراوە سەربازی ناردووە، بەم شێوەیە هەموو ئاژەڵ و بارەکانیان وەرگرتۆتەوە، بەڵام بە هۆی ئەو هێرشە چەند شتێکمان زیانی پێ گەیشتووە، لە سایەی خوا و بەڕێزمان عەلی پاشا بارەکان گەراوەتەوە دووبارە چەند ڕۆژی تر لە کۆپری دەگوازرێنەوە، بە سەلامەتی دەگاتە دەست جەنابیان، لە ٢٥ ڕەبیعی یەکەم ١٢٦٨.


- کاغەزی وەرگیراوی شێخی ئەلعەزیز خالد فارس هاتووە
هەینی رابردوو بۆ ڕۆژی داهاتوو ئەو بارەی کە لە ئاڵتون کۆپری بۆ نزیک هەولێر لە ئاوی باریک (اینجە صو) دەهات لەلایەن عەشیرەتی شەمەر هێرشی کراوەتە سەر و بارەکانیان بردووە، بەڵام بە دوای ڕۆیشتوون و هەموو بارەکانمان گەراندۆتەوە و هیچ شتێک لە دەستیان نەماوە، هەموو هێنراوەتەوە و دراوەتەوە خاوەنەکانیان.



شهرزور والیسنه

HR. SYS 80/40


5



HR.SYS 80/40


6

هەواڵنامەی کێتێ




هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.UM | 86.95 | 5 شەعبان 1268 |
|---|---|---|
| بۆ والی شارەزوور<br>لە خانەدانەکانی بەغداد عەلی یاوەر ئەفەندی لە ئەیالەتی شارەزوور قەسەبەی هەولێر لە ئەنجوومەنی نووسین کاری پێ دەکرێت، بۆیە پێویستە بە پێی ئاستی خۆی لە شوێنێکی گونجاو کاری پێ بکرێت. | | |




<table>
<tr><td>A.MKT.UM.</td><td>83.5</td><td>10 شەوال 1269</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نازری دارایی<br>لە سەردەمی والی پێشووی بەغداد داود پاشای مردوو، دانیشتووی هەولێر مەحمود ئاغا لە قەزای ناوبراو لە گوندی ماستاوە، هەر لە کۆنەوە ئەم گوندە لەسەر ناوبراو بووە، خێزان و منداڵەکانی لەم گوندە کاریان لەسەر داهاتی ئەو گوندە کردووە، بۆیە ئێستا یا ئەوەتا دە یەکی (عشر) داهاتەکان یاخود مووچەیەکی دیاریکراوی بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بەرائەتی عالیشانی بۆ دەربکرێت، والی شارەزوور نووسراو و داواکاری بەیەکەوە داوەتە ئەنجوومەنی والا.</td></tr>
</table>




| A. MKT. NZO. | 85.20 | 1 زیلقەعدە 1269 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن
لـە دانیشـتووی کەرکـووک سـەید عینایـەت ئەفەنـدی بـە بەرائـەتی سـەروو موتەسـەرفی ناحیـەی تەرجیـل بەهـۆی مـردنی، شـوێنەکەی بەتاڵـە، هەروەهـا نائیبـی مـردووی پێشـووی ناحیـەی هەولێـر ئەسـعەد ئەفەنـدی مووچەکـەی کـە ٣٩٥ قوروشـە بـۆ هـەر یەکەیـان بەشـێکی مووچەکـە بدرێتـە چەنـد کەسـێک لە منداڵەکانیـان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داواکاری دراوەتە ئەنجوومـەنی واڵا، هەروەهـا داواکارییەکە بـەرز کراوەتەوە بـۆ جێبەجـێ کـردن.


هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 16 زیلقەعدە 1269 | 86.97 | A. MKT. NZD. |

بۆ نەزارەتی دارایی
دانیشتووی کەرکووک سەید عینایەت ئەفەندی بە بەرائەتی عالی سەرپەرشتی ناحیەی تەرجیلی کردووە، نائیبی پێشووی ناحیەی هەولێریش ئەسعەد ئەفەندی دوای مردنی ۳۹۵ قوروش لە مووچەکەی ماوەتەوە، بۆ دابین کردنی برێک لەم مووچەیە منداڵەکانی عینایەت دوای مردنی باوکیان بە داواکاریەک داوایان کردووە، هەر بۆیە نازری ئاوقافی همایۆن بە داواکردن نووسراو دراوەتە ئەنجوومەنی والا، بە پێی ئەو وەڵامەی لە پەراوێزی نووسراوەکە نووسراوەتەوە، داواکاری و نووسراوەکە نێردراوەتە سەروو، تا جێبەجێ بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.UM. | 112.25 | 22 موحەررەم 1269 |

بۆ والی بەغداد

لـە ناحیـەی هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی بەغـداد، بەرزنجـیزادە شـێخ حاجـی مەحمـود ئەفەنـدی لـە زاویەی شـێخ پیـرداود یـەک چارێـک لـە داهـاتی سـاڵانەی بەرووبوومـی کێڵگەیـەک کـە بەسـتراوەتەوە بـە زاویـەی ناوبـراو وەردەگرێـت، داهاتەکـەی دەسـتی بەسـەردا نەگیـراوە، هەروەهـا کێڵگـەی ناوبراویـش زیاتـر لـە ٢٠ هـەزار قـوروش داهـاتی لەلایـەن ئیسـماعیل پاشا دڵنیاکراوەتـەوە و لەلایـەن موفتـی پێشـوو مەحمـود ئەفەندیـش بەبیـر هێنراوەتـەوە و دڵنیاکراوەتـەوە، کێڵگـەی ناوبـراو لەلایـەن خەزینـەی ئاوقـافی هومایـۆن جێگیـر کـراوە و داواکـراوە مووچەیەکـی دیاریکـراوی بـۆ دابیـن بکرێـت. نـازری ئاوقـافی هومایـۆن، وەکـو سـەرەتا هەرچەنـدە کێڵگـەی ناوبـراو لەلایەن شـێخ جێگیر کـراوە و داهاتی سـاڵانەی بە نـوسراو لێکۆڵینەوەی لەسـەر کـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا وەڵام نەهاتـووە، پێویسـتە کێڵگـەی ناوبراویش لـە خەزینە جێگیـر کردنەکەی بـە پێـی شـێوازی گونجـاو بێـت، بـۆ ئەنجوومـەنی واڵا بنێردرێـت.



شهرزور والیسنه



هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| رەبیعی یەکەم 1269 | 00134.00062 | A.MKT.UM. |


بۆ والی شارەزوور
لـە ئەیالـەتی شـارەزوور نائیبـی قـەزای هەولێـر، عەبدولباقـی ئەفەندی لە سـەروەتی ئەیالـەتی ناوبـراو مانگانە ١٩٥ قـوروش مووچـە و یـەک تەقـار گەنمـی بـۆ دابینکـراوە، ناوبـراو بەرائەتی عالیشـانی داوە، جێبەجـێ بکرێت.




| I.DH | 00261.016221 | 28 موحەررەم 1269 |
| --- | --- | --- |

بۆ جەنابی دەوڵەت

لـە نـەزارەتی دارایـی دوو پارچـە راپـۆرت هاتـووە، یەکێکـی لـە ئەیالـەتی بەغـدادە، لـە قـەزای هەولێـر، ئەسـعەد ئەفەنـدی دانیشـتوی هەولێـرە، لـە ئەیالـەتی بەغـداد پـارەی بـۆ دابیـن کرابـوو، کـە مانگانـە ٣٩٠ قـوروش مووچـەی هەبـووە، بـەڵام دوای مـردنی ٦٠ قـوروش لـە مێـژووی مردنیەوە بۆ شێخ ئەحمـەد تەرخان بکرێـت، هەروەهـا ئـەوەی تـر بـۆ ئاژەڵـەکانی سـەربازە سـوارەکان تەرخان بکرێـت، کـە رەزامەنـدی دراوە لە ئـەم سـاڵەوە مانگـی ئۆغسـتۆس رۆژی ١١، مانگانـە ٣٠ قـوروشی لـە دەفتـەری بـاج و رسـوماتی جیـاواز تۆمـار بکرێـت، ئـەوەی بـاس کـراوە مووچـەی مـاوە ٣٣٠ قوروشـە کـە رەزامەنـدی دراوە لـە خەزینـە هەڵگیرێـت، بـەڵام رەزامەنـدی پاشـا لەسـەر چـی بێـت بەپێـی ئـەو کاری پـێ بکرێـت، لـە ٢٨ موحـەررەم ١٢٦٩.




| A.DVN. | 00095.00085 | 11 جەمادی کۆتایی 1270 |
| --- | --- | --- |
| لە قەزای هەولێر پلەی بەڕێوەبەر لەلایەن دەرگای عالی قەپوچی باشی بۆ عەلی بەگ، ١١ جەمادی کۆتایی ١٢٧٠. | | |





هەوالنامەی کتێب

| A.MKT.UM. | 00163.00071 | 8 زیلحیجە 1270 |
|---|---|---|
| بۆ والی شارەزوور<br>لە ئەیالەتی شارەزوور قەزای هەولێر کەسێک دانیشتووی گوندی وەلی گەل بە کوژراوی مردووە، بکوژی محەمەد فەرمانبەری سەربازییە بە ناوی سلێمان، بە پێی دادگاییکردنیان داواکاری نێردراوە، نووسراویش بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، لە فەتواخانە راوێژکاری بۆ کراوە، بکوژ سلێمان و کوژراو محەمەد لەگەڵ ئەوەی شایەدییان هەیە، بەڵام لە شایەدەکان نەبیستراوە لە کاتی لێدانەکە بریندار بووە یاخود نا، بە پێی شەرعی شەریف پێویستە دادگاییەکە دووبارە بکرێتەوە و لە فەتواخانە کۆتایی پێ هاتووە. | | |




| A.MKT.UM. | 000163.00075 | 8 زیلحیجە 1270 |
|---|---|---|

بۆ والی شارەزوور
لە ئەیالەتی شارەزوور دانیشتووی قەسەبەی هەولێر نوعمان ئەحمەد لە قەسەبەی ناوبراو نیشتەجێیە، لەگەڵ کەسێک بە ناوی ساڵح عەبدولرەزاق ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان و بۆتە شەڕیان، لە ئەنجام بەبێ حەق ساڵح عەبدولرەزاق بە خەنجەر لەلایەن ناوبراو لێی دراوە و کوژراوە، بەپێی ماددەی کوشتن لەسەر نوعمان جێگیر کراوە و بۆ ئەم مەبەستە داواکاری نێردراوە و بە نووسراو بۆ ئەنجوومەنی والا بەرز کراوەتەوە، لە فەتواخانەش راوێژکراوە، بە پێی داواکارییەکە بە پێی شایەتی دوو کەسی تر لەسەری جێگیر کراوە، دایکی کوژراو بە ناوی حەنیفە، بە چ تایبەتمەندییەک بۆتە وەکیلی کوژراو دیار نییە، بۆیە لە فەتواخانە لە بارەی دادگاییکردنی نێوان کوژراو و بکوژ کە بە شێوازی خۆی نەبووە، کۆتایی پێ هاتووە.





هەولێرنامەی کتێب

| I.MVL. | 00297.012035 | 14 جەمادی یەکەم 1270 |
|---|---|---|
| بریارنامـەی ئەنجوومـەنی ژمێریـاری لەگـەڵ پوختەکـەی، هەروەهـا راپـۆرتی نـەزارەتی دارایـی جەلیلـە لـە ئەنجوومـەنی والا دراوەتـە قەلـەم، لـە سـەر داواکاری پاشا لـە ئەیالـەتی شـارەزوور، قـەزاکانی کۆی سـانجەق و هەولێـر بەرێوەبـەر و نووسـەر دامـەزراوە، مووچەکانیـان ٩٢٥٠ قوروشـە، لـە سـاڵی ٦٨ لە مانگە جیـاوازەکانی پارەکـە دراوە و لـە دەفتـەری بـاج تۆمارکـراوە، لـە ١٤ جەمـادی یەکـەم ١٢٧٠. | | |





<table>
<tr><td>I.MVL.</td><td>00302.012335</td><td>14 جەمادی کۆتایی 1270</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە نەزارەتی دارایی جەلیلە یەک پارچە راپۆرت پێشکەش بە ئەنجوومەنی والا کراوە، لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور یەعقوب ئاغا لە خانەدانی هەولێر و ئەندامی ئەنجومەن لە مێژووی ٥٣ دەست پێ دەکات، مانگانە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش دامەزراوە، بەڵام لەگەڵ جیابوونەوەی والی پێشووی مردوو عەلی پاشا، مووچەی دیاریکراو دەستی بەسەردا گیراوە و مووچەی ناوبراو ١٥٠ قوروشی لێ کەم کراوە و ٣٥٠ قوروشی بۆ دابینکراوە، ئەویش کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە هەر لە مارتی ساڵی ٦٠ لە ئەیالەتی ناوبراو ٣٥٠ قوروشی پێ بدرێت، کە لە خەزینە بۆی دابین کراوە، بە کەم کردنی ١٥٠ قوروش، ٣٥٠ قوروشی بۆ دابینکراوە لە ئەنجوومەنی والا باس کراوە، ساڵی ١٤ جەمادی کۆتایی ١٢٧٠.</td></tr>
</table>


اوقاف همايون نظارت جليله سنه


OSMANLI ARŞIVI
A.) MKT. MHM
65 20


هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.MHM. | 00065.00020 | 16 جەمادی یەکەم 1271 |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن<br>بەرزنجیزادە شێخ مەحمود ئەفەندی لە سانجەقی شارەزوور لە ناو هەولێر لە گوندی پیرداود، زاویەی شێخ پیرداود بەڕێوە دەبات، ئەو گوندانەی بەم زاویەیە بەستراونەتەوە، لە بارەی داهاتەکانیان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و جێگیر کراوە، نووسراوی هاوپێچ نێردراوە. | | |


هەواڵنامەی کتێب


| A. MKT. MHM. | 74.41 | 1 زیلحیجه 1271 |
|---|---|---|
| بۆ والی شارەزوور<br>چەتەکانی شەمەرولجەبها عەرەبان لە دەوروبەری کەرکووک گوندی تۆپزاوە و قەزای هەولێر گوندەکانی دوغان و گردعازەبان و ماستاوە کاری بەدیان کردووە و خەڵکی ئەو گوندانەیان ئەزیەت داوە و زیانیان پێگەیاندوون، بۆ پارێزگار کردن سەربازیان ناردۆتە ئەو شوێنانە ئەو پارە و کەلوپەلانەی کە بردوویانە دراونەتەوە خاوەنەکانیان، بە پێی ووتەکان نووسراو کراوە و سەروو ئاگادار کراوەتەوە.<br>١ زیلحیجه ١٢٧١ | | |






هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>A. MKT. NZD.</td><td>135.33</td><td>8 جەمادی کۆتایی 1271</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە ئەیالەتی شارەزوور لە هەولێر زاویەی شێخ پیرداود بە بەرائەتی عالی چوار یەکی کێڵگەکە بۆ ماوەی حەوت ساڵە داهاتەکەی بۆ منە، کەچی تا ئێستا وەرمنەگرتووە، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەی خەزینەی ئاوقافی همایۆن دەستی بەسەر کێڵگەکە داگرتووە، مووچەیەکی دیاریکراوم بۆ ببرێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.<br>داواکار / شێخ مەحمود بەرزنجی‌زادە<br><br>- بۆ نەزارەتی ئاوقافی همایۆن<br>لە ئەیالەتی شارەزوور بەرزنجی‌زادە شێخ مەحمود ئەفەندی لە هەولێر لە زاویەی شێخ پیرداود ئەو کێڵگەیەی کە چوار یەکی داهاتەکەی بۆ ئەو دابین کراوە، کەچی لە ژێر دەستی ئەودا نییە، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەی خەزینەی ئاوقافی همایۆن دەستی بەسەر داگرتووە، برێکی دیاری کراو مووچەی بۆ ببرێتەوە، داواکراوە و نێردراوە.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. NZD.</td><td>157.48</td><td>21 زیلقەعدە 1271</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>بەرزنجی‌زادە شێخ مەحمود ئەفەندی لە سەنجەقی شارەزوور لە هەولێر بۆ زاویەی شێخ پیرداود داهاتی ئەو گوندانەی کە بۆ ئەو زاویەیە خەرج دەکرێت، بە رەزامەندی پاشا و سەروو نێردراوە تا جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>I. MVL.</td><td>325.13903</td><td>8 جەمادی کۆتایی 1271</td></tr>
<tr><td colspan="3">یەعقوب ئەفەندی لە خانەدانەکانی قەزای هەولێر لەلایەن والی پێشووی بەغداد عەلی پاشا کە مردووە، فەرمانی دابوو بە دابین کردنی مووچەی ٥٠٠ قوروش، بەڵام بەم دواییە ئەم مووچەیە براوە، کە خۆی ئێستا پێویستی بەم پارەیە نییە و براوە، بۆ ئەم مەبەستە نەزارەتی دارایی نووسراوی ناردووە، هەر چۆنێک بێت ئەمر و فەرمان بۆ پاشایە، ئەو چ بفەرموویت بە پێی ئەو جولە دەکەین، لە ٨ جەمادی کۆتایی ١٢٧١.</td></tr>
</table>




هەولێرنامەی کتێب

| I.MVL. | 00338.014600 | 28 جەمادی یەکەم 1271 |
|---|---|---|

لە نەزارەتی دارایی نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا بە یەک راپۆرت دیاری کراوە، لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور مودەریس داود ئەفەندی نیشتەجێیە و کۆچی دوایی کردووە، بە بەرائەتی عالی مانگانە ١٠٦ قوروش و ٣٥ پارە مووچە و ٥ عولبە گەنمی بۆ تەرخان کرابوو، پێنج عولبە گەنمەکە دەچێتەوە خەزینە، نیوەی مووچەکەشی مانگانە ٥٠ قوروش و ١٧ پارە تا لە ژیان ماوە دەدرێتە کورە گەورەکەی عەبدولرەحمان ئەفەندی کە وانە بە قوتابی دەڵێتەوە، نیوەکەی تریش بە شێوەیەکی کاتی دەدرێتە کورە بچووکەکەی محەمەد سەعید تا دەگاتە تەمەنێکی گەورە و دەکەوێتە سەر کار و کاسبی خۆی، لە ٢٨ جەمادی یەکەم ١٢٧١.




| جەمادی یەکەم 1271 | 00340.014666 | I.MVL. |
|---|---|---|
| ئـەو راپۆرتـەی کـە نـەزارەتی دارایـی جەلیلـە پێشـکەشی ئەنجومـەنی واڵای کـردووە، پوختـەی پـارەی دیـاری کـراو نێـردراوە، لـە ئەیالـەتی شـارەزوور سـەنجەقەکانی کەرکـووک و زێبـار، قـەزاکانی هەولێـر و ئاڵتـون کوپری داهـاتی دە یـەک (عـشری) و رسـوماتی سـاڵی حەفتـای سـەرەتای ئەیلـوول تـا کۆتایـی سـاڵی حەفتـا و یـەک، یـەک سـاڵی بـە تـەواوەتی بەڕێوەبـردراوە و جێگیـر کـراوە، ئـەوەی لـە دەفتـەر هاتـووە ووردبینـی بـۆ کـراوە، داواکـراوی دیـار نییـە، ئـەوەی ژمـارەی بـۆ دانـراوە ٢٤ تاقـم لەگـەڵ داهـاتی گواسـتنەوەی، نیـوەی داهـاتی لـە دەفتـەری ناوبـراودا ئامـاژەی پـێ نەکـراوە، جگـە لـە شـوێنگرەوە و داهـاتی پێشـوو، ٨٣١٣٨ قوروشـە خراوەتە سـەری و گواسـتراوەتەوە، داهـاتی شـوێنگرەوە یـەک یـوک ٧٢١٢ قـوروش زیـادەی سـاڵانە بـووە، بریـار لـە سـەر گواسـتنەوەی دراوە، داهـاتی شـوێنگرەوە بـە کۆکراوەیـی ٢٤ یـوک ٧٨٢٧٣ قـوروش، جگـە لـە ٣٠٥٤ نەقار گەنـم و جـۆ فرۆشراوە، تـا ئێسـتا هەمـووی لـە دەفتـەری ژمێریـاری نـووسراوە و دیـاری کـراوە، لـە جەمادی یەکـەم ١٢٧١. | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>MVL.</td><td>346.37</td><td>6 زیلحیجە 1271</td></tr>
<tr><td colspan="3">هاوپێچ / ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧١<br>لـە نـەزارەتی دارایـی راپـۆرت دراوەتـە ئەنجوومـەنی واڵا، بـە پێـی ئـەو راپۆرتەی کـە هاوپێچە لەگـەڵ داواکاری ئەنجوومـەنی ژمێریـاری، لـە ئەیالـەتی شـارەزوور لـە قـەزای هەولێـر، گونـدەکانی دوغـان و گـرد عازەبـان لـە سـەر خانەقـای مەولانـا خالیـد بـوون، نەجمەددیـن ئەفەنـدی و عەبدولرەحمان ئەفەنـدی بەڕێـوەی دەبردن، بەهـۆی مردنیانـەوە، کـوڕی مـردووەکان گوندەکانیـان بـۆ خۆیـان دەوێـت، هـەر چەنـدە لەلایـەن میریـەوە ڕێکخراوەتـەوە و جێگیـر کـراوە، بـەڵام بەسـتنەوەی بـە ناوبـراوان بـە پێـی ڕژێـم ناکرێـت، بـۆ ئەم مەبەسـتە پێویسـتی بـە وەڵامـی میریـە، هـەر چەنـدە ئـاگادار کردنـەوەی نـەزارەتی ناوبـرا و لـە ئەنجوومـەنی واڵاش ئامـاژەی پێکـراوە، بـەڵام پێویسـتی بـە ڕەزامەنـدی پاشـایە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب


<table dir="rtl">
<tr><td>A. MKT. MVL.</td><td>00080.00070</td><td>18 زیلقەعدە 1272</td></tr>
<tr><td colspan="3">بە پێی نووسراوێک کە موتەسەرفی موسڵ بۆ ئەنجوومەنی باڵا ناردوویەتی، یەکێک لە بەگزادەکانی فەرەنسی لە چواردەوری موسڵ و بەغداد گەڕاوە، دوای گەڕانی لە موسڵ، خودی خۆی چۆتە کەرکووک و موسڵ گەڕاوە، بە چاوی خۆی بینیویەتی کانزای زێڕی تیراق و تاس بینیوە، هەروەها ئەو جۆرە کانزایە لە ئەمەریکاش دەردەهێنرێت و یەک شتە، هەروەها بە خەرجیەکی کەمیش دەردەهێنرێت، ئەم زانیارییانەی بە نووسراوێک بۆ فەرەنسای ناردووە، لە نووسراوەکەش هاتووە لە رووباری قەزای هەولێر هەندێک کات بەدوای ئەو زێڕە دەگەڕێن، کە بە قەت تەنکی کاغەز وایە، هەروەها لەم ناوچەیە لەم بارەیەوە قسە و باسی راست هەیە. کە کانزای زێڕ لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە و بە خەرجیەکی کەم دەتوانرێت دەربهێنرێت، تەنانەت هەندێک کات لە کەنارەکانی ئەم رووبارە هەندێک شت دۆزراوەتەوە، لە ئەنجامی ئەو ئاماژە پێکردنە بەهێزە، ئەم کانزایە گران بەهایە و خەرجی دەرهێنانیشی کەمە، بۆ ئەم مەبەستە بە زانیاری نەزارەتی خەزینەی تایبەت ئەندازیار مۆسیۆ دویانی بەلجیکی ئەم کارەی پێ بسپێردرێت، ئەگەر نا کەسێکی شارەزا و لێهاتوو هەڵبژێردرێت و بۆ خەرجی رێگا برێک پارەی گونجاوی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بێت و لەبارەی ئەم کانزایانە لێکۆڵینەوە بکات، نموونەشی ببات، ئەگەر دەرکەوت ئەو شتانە گران بەهایە، ئەوا کاری گونجاو ئەنجام بدەین، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٨ زیلقەعدە ١٢٧٢.</td></tr>
</table>



هەوالنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| .HR. MKT | 147.69 | 7 شەوال 1272 |

لە ئەیالەتی موسڵ میللەتی پروتستان بوونی نییە، بەڵام ئەمرۆ قەپوچی باشی شەماس ئەرمیە ئەندام لە ئەنجوومەن لەلایەن وەکیلی میللەتی ناوبراو دامەزراوە، هەر چەندە بەخۆی لە ناو ئەنجوومەن بێ کەموکوریە، بەڵام خودی خۆی خەڵکی موسڵ نییە، بەڵکو یەکێکە لە دەست ڕۆیشتوەکانی گوندی عەنکاوە سەر بە قەزای هەولێر لە ئەیالەتی شارەزوور، چەند ساڵ دەبێت لە موسڵ نیشتەجێ بووە و یەکێکە لە سەر مەزهەبی پروتستانە، لە موسڵ لەگەڵ پاپاسەکانی ئەمەریکی نزیک بوونەوەیەکی دروست کردووە، هەموو ڕۆژ لەگەڵ میللەتی کاسۆلیک، سریانی، یەعقوبی دەمەقاڵی تەواو نابێت، بۆتە هۆی کێشە دروست کردن لەگەڵ خەڵک و ئاسایشی خەڵک تێک دەدات و کریستانیەکان ناچار دەکات کێشە دروست بکەن، جگە لەوە لەگەڵ پاپاسەکانی ئەمەریکی پەیوەندی دروست کردووە، لە موسڵ میللەتی پروتستان لە ٢١ خانە پێک دێت، لەلایەن میللەتی ناوبراو لە ئەنجوومەنی ئەیالەت داوای وەکیل دەکەن، ئەگەر کەسێک داوا بکرێت با ئەو هەڵبژێردرێت، ئەگینا شەماسی ئەرمیە وەکو ئەندامی ئەو میللەتە لە ئەنجوومەن کار بکات، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، کۆتایی شەعبان ١٢٧٢.




| A. MKT. NZD. | 168.11 | 10 سەفەر 1272 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی داراپی
یوسف خەیروڵڵا ئەفەندی بەهۆی دەستکورتی بوونی منداڵێکی زۆر، لە رووی بژێوی ژیانیەوە تووشی تەنگانە و قورسی بۆتەوە، هەروەها لە خەڵکی قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد سوبغەتوڵڵا ئەفەندی لەگەڵ محەمەد سادق بەگ لە قەڵەمی ناوەخۆ بەهۆی مردنیانەوە مووچەکانیان بێ خاوەن ماوەتەوە، ناوبراویش بۆ خۆی داوای برێک مووچەی کردووە، بۆیە ئەو مووچانە نەگوازرێتەوە بەغداد و بۆ ئەم و ئەو دابین نەکرێت، بە مردنی سادق بەگ لە خەزینەی دارایی بە راپۆرت ٢٠٠ قوروش بۆ کچەکانی دابین کراوە، تەیار ئەفەندی وەڵامی بدرێتەوە یاخود لە ئەنجوومەنی والا ئەوەی مووچەکەی لە دوایدا ماوەتەوە شتێکی پێ بدرێت، ناوی لە دەفتەر هاتووە و سەروو ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها راپۆرتی ناوبراو دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.




هەوالنامەی کێتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>A. MKT. NZD.</td><td>187.10</td><td>21 شەوال 1272</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>لـە خانـەوادەکانی بەغـداد لـە بنەچەیەکـی پاکـی حەیدەرییە محەمەد سـاڵح ئەفەندی لـە ئەیالەتی شـارەزوور ئـەو گوندانـەی لـە قەزای هەولێـر بەرێوەی دەبـات، دوای ئەوەی رێکخراونەتـەوە دراونەتەوە دەرسـەعادەت، لەلایـەن والی بەغـداد نـووسراو هاتـووە و لەگـەڵ ئەو داواکارییەی ناوبراو پێشـکەشی کـردووە، داوا لە سـەروو دەکات یـا ئـەو گوندانـەی بـۆ بگەرێننـەوە یاخـود لـە بەرامبـەر ئەودا شـتی تری پـێ بدرێت.<br>٢١ شەوال١٢٧٢</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. UM.</td><td>253.6</td><td>22 زیلحیجە 1272</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە سەنجەقی رواندز لە ساڵی ٦٢ تا ئێستا موقاتەعاتەکانی لە ژێر دەستی خۆم دابووە، ئەوەی لەسەر ناوی من بووە، لە قەزای هەولێر لە ژێر دەستی چەند کەسێکە دەبێ وەریبگرم، هەروەها لە زەوی کوی سانچەق هەندێکی تر لە ژێر دەستی کەسانێکە دەبێ وەریانبگرم، بۆیە داوای دەکەم، رۆژ بە رۆژیش زوڵمم لێ دەکرێت، لە بەرامبەر ئەنجوومەن بە پێی یاسا و رژێم بە قسە کردن لەگەڵ والی شارەزوور و قائیمقامی رواندز یەک پارچە فەرماننامەی پاشا جێبەجێ بکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٢ زیلحیجە ١٢٧٢.<br>لە خانەدانی کۆنی رواندز و ئەندامی ئەنجوومەن<br>محەمەد ئەمین</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

| .I.MVL | 00356.015552 | 11 شەوال 1272 |
|---|---|---|
| لە ئەیالەتی شارەزوور عەشیرەتی بلباس لە کۆی سانجەق نیشتەجێن و عەشیرەتی دیزەیی لە هەولێر نیشتەجێن، بەهۆی ململانێی هەردوو لا بۆ چاکسازی ئاسایشی ناوچەکە لەگەڵ ئاغای عەشیرەتەکان رێککەوتوون، بۆ ئەم مەبەستە ٢٨٠١ قوروش خەرج کراوە، ٧٧٩٠ قوروش لەسەر بریار نامەکە نووسراوە، ئیتر بەبێ مۆڵەت دڵنیایی لەسەر کراوەتەوە، لە نەزارەتی دارایی نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا، لەوێشەوە دراوەتە قەڵەم، بریارنامەی نەزارەت کراوەتە راپۆرت و بریارنامەی ئەنجوومەنی ژمێریاری دارایی جێبەجێ کراوە، لە ١١ شەوال ١٢٧٢. | | |


OSMANLI ARŞIVI
A. MKT. MVL
83 | 23

| A. MKT. MVL. | 00083.00023 | 2 رەبیعی کۆتایی 1273 |
|---|---|---|


بۆ والی بەغدا و موتەسەرفی شارەزوور
لـە خێـزانی پـاک و نـاوداری حەیدەرییـە محەمـەد سـاڵح و عیسـا و محەمـەد ئەمیـن ئەفەنـدی لـە قـەزای هەولێـر لـە سـەردەمی عـەلی پاشـا کاتێ کـە والی بەغـداد بـوو، لـە لایـەن خەزینـەوە داهـاتی گوندەکانی بەحرکـە و بـەرد حوشـتر و پیرداودیـان بەجـێ هێشـتووە، لەبـەر ئـەوە بـۆ خۆیـان داوای مووچـە دەکـەن، ئەوانـە یەکێکـن لـە خانەدانـەکانی و خێزانـە نـاودارەکانی ئـەو ناوچەیـە، لـە ئـەوە مـافی خۆیانـە، بۆیـە لـە مێـژووی سـاڵی ٧٣ مانگـی رەبیعـی یەکـەم رۆژی ١٤ لـە داهـاتی ئـەو شـوێنانە مانگانـە ٢٦٠٠ قـوروش بـۆ محەمـەد سـاڵح ئەفەنـدی و محەمـەد ئەمیـن ئەفەنـدی و بەهـۆی مـردنی عیسـا ئەفەنـدی بـۆ کـوڕەکانی ئەحمـەد ئەفەنـدی و ئیسـماعیل ئەفەنـدی و عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی دابیـن بکرێـت، بـۆ وەرگرتنـی بەرائـەتی شـەریفە لـە نـەزارەتی دارایـی بـۆ ئەنجوومـەنی والا نێـردراوە و جێگیـر کـراوە، ٢ رەبیعـی کۆتایـی ١٢٧٣.



| A. MKT. MHM. | 99.47 | 15 سەفەر 1273 |
|---|---|---|

- بۆ والی شارەزوور و نەزارەتی دارایی
بە ویستی سەروو لە ئەیالەتی شارەزوور بۆ میلیشیای سەربازە پاڵپشتیکەرەکان (عساکر عونیە) دامەزراندن و ڕێکخستنی مووچەکانیان لە ناو کەرکووک و قەزای هەولێر و سەنجەقی رواندز بە کۆکراوەیی ٥٧٨٧٩ قوروش و ٢٨ و نیو پارە ڕەزامەندی لەسەر دراوە و داوا کراوە. ئەوانەی لەم بوارە کار دەکەن ناوەکانیان بە داواکاری یەک پارچە دەفتەر نێردراوە و ئەوانەش بۆ نیشتمان سوێندیان خواردووە، و دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیان نیشان داوە.

- بۆ نەزارەتی دارایی
یەک پارچە دەفتەر داواکاری ناوەکان بۆ والی شارەزوور نێردراوە، نووسراوی موتەسەرفی شارەزوور نێردراوە، لە ڕۆژنامەی ڕووداویش بڵاو کراوەتەوە، لەسەر داواکاری سەروو دانەیەک نووسراو نێردراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنی لە خەزینە بڕیاری لەسەر دراوە.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A. MKT. MHM. | 101.16 | 5 ڕەبیعی یەکەم 1273 |


بۆ نەزارەتی خەزینەی تایبەتی
لە بەگزادەی فەرەنسی بە تایبەتی لە لای کوردستان و هەولێر کانزای دۆزیوەتەوە، لە سەر قسەی خۆی دیاری کردووە بە پارەیەکی زۆر کەم ئەو کانزاییە دەردەهێنرێت، ئەو نووسراوەی نێردراوە لە وەڵامەکەی والی شارەزوور لەگەڵ داواکاری سەروو بەیەکەوە نێردراوە.




هەولێرنامەی کتێب


| I.MVL. | 00373.016372 | 27 شەوال 1273 |
| --- | --- | --- |

لە نەزارەتی دارایی جەلیلە لە ٣ رەمەزان ١٢٧٣ دراوەتە ئەنجوومەنی والا، بە راپۆرتی دارایی لە ئەیالەتی شارەزوور قەزای هەولێر، کە لوتفوڵڵا ئاغا لە هەولێر نیشتەجێیە، کۆچی دوایی کردووە، ٥ تەقار گەنم لەگەڵ ٣٩٠ قوروش مووچەی پێ دراوە، لەم مووچەیە ٣٠٠ قوروش بەجێ هێشتراوە بۆ ٨ منداڵ کە هەموویان کچن، بەمەش کورەکەی بەناوی دەروێش ئاغا بەخێویان دەکات، دوو کەس لە خێزانەکانی یەکێکی پیر و ئەوی تری شایەنی پەیوەندییە، یەکێک لە کچەکانی هاوسەری هەیە، ئەوانی تر هێشتا بچووکن، ئەگەر کورەکەی لە ئەنجوومەن وەکو ئەندام دەست بەکاربێت، ئەوا ئەو مووچەیەی بۆ دابین دەکرێت، بەڵام بەشێک لەم مووچەیە بدرێتە شێخ عەبدولجەلیل ئەفەندی کەرکووکی کە لە سەر تەریقەتی قادریەیە، ئەم مووچەیە ٣٠٠ قوروش بدرێتە خێزانەکان و منداڵەکانی مردوو تا هاوسەرگیری دەکەن، ٩٠ قوروشیش بدرێتە عەبدولجەلیل تا ئەو کاتەی لە ژیان دەبێت، ٢٧ شەوال ١٢٧٣.





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .A. AMD | 00081.00098 | 11 جەمادی کۆتایی 1274 |
| نووسراوی سەدری ئەعزەم (تذکر سامیە)<br>لە ئەیالەتی کوردستان و لە ئەیالەتی شارەزوور لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەر لە قەزاکان، هەروەها لەگەڵ کوپریلی لە ئەیالەتی روم بەڕێوەبەر دامەزراوە، لە ئەنجوومەنی والا ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ چوار داواکاری پێشکەش کراوە. | | |


هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>.A. MKT.MVL</td><td>95.77</td><td>26 جەمادی کۆتایی 1274</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، بەرێوەبەرەکەی عەلی بەگ دوای تەواو بوونی دادگاییەکەی، لە سەر کارەکەی لادراوە و بە مووچەی مانگانەی ٣٠٠٠ قوروش حاجی نوری بەگ دانراوە، لە ئەنجوومەنی والا جێگیر کراوە، لە ٢٦ جەمادی کۆتایی ١٢٧٤.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| .A. MKT. MVL | 99.23 | 20 زيلحيجه 1274 |
|---|---|---|

بۆ نازر و موتەسەرفی شارەزوور
لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی شـارەزوور قەپوچـی بـاشی نـوری بـەگ وەکـو بەڕێوەبـەری هەولێـر دامـەزراوە، هێشـتا لـە کارەکەی دەسـت بـە کار نەبووە، بەهۆی دووری شـوێنی کارەکەی داوای گواسـتنەوەی کـردووە، هەروەکـو ئـاگادارن بەڕێوەبەرایـەتی قـەزای ناوبـراو نزیکـەی یـەک سـاڵە بـە شـێوەی وەکالـەت بەڕێـوە دەچێـت. هەروەهـا قـەزای ناوبـراو بەهـۆی گرنگـی شـوێنەکەی گونجـاو نییـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بـە وەکالـەت بەڕێوەبەرایەتیەکـەی بەڕێـوە بچێـت، بۆیـە پێویسـتە ئـەو لـە کارەکـەی لابدرێـت و لە شـوێن ئـەو قەپوچـی بـاشی توزچـیزادە ئەدهـەم ئەفەنـدی بـە مووچـەی مانگانـەی ٣٠٠٠ قـوروش دابمەزرێـت، بە جێگیـر کـردنی ناوبـراو لـە ئەنجوومـەنی واڵا، لـە ئەیالـەتی ناوبراویـش موتەسـەرف ئـاگادار کراوەتـەوە تـا لـە خەزینـە کاری بـۆ بکـرێ، لـە نـەزارەتی دارایـش کارەکانی تـەواو بکرێـت و دەسـت بـە کار بێـت، ٢٠ زیلحیجـە ١٢٧٤.



هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>A.MKT.UM.</td><td>00296.00047</td><td>24 رەبیعی یەکەم 1274</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی عەبدولغەفور ئەفەندی لە رووی گوزەرانەوە تووشی تەنگانە بووە، خۆی خەڵکی هەولێرە، هەر چەندە مودەریسی هەولێر داود ئەفەندی کە بێ کوڕە مردووە، پانزە عولبە گەنم لە ئەو ماوەتەوە، بۆیە داوای کردووە بدرێتە ئەو، پێویستی بە رێز گرتنە و بۆی دابین بکرێت، لە ٢٤ رەبیعی یەکەم ١٢٧٤.</td></tr>
</table>




هەوالنامەی کتێب

| I.MVL. | 00387.016918 | 19 جەمادی یەکەم 1274 |
| --- | --- | --- |


- لە ئەیالەتی شارەزوور بەرێوەبەری قەزای کوی سانجەق سەلیم ئاغا لەگەڵ بەرێوەبەری قەزای هەولێر عەلی بەگ بگۆردرێنەوە، خەریکە کۆتایی بە کارەکانیان بێت، بۆ بەرێوەبەری کۆی سانجەق عەبدولکەریم ئاغا دامەزرێت و عەلی بەگیش هەر لە هەولێر بمێنێتەوە، لەگەڵ فەرمانی سەدارەت فەرمان کراوە، بەڵام عەلی بەگ لەلایەن راشد ئەفەندی دەستگیر کراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، دەرکەوتووە بێ تاوانە، لە کارەکەی تری لە بەیوەبەرایەتی بە وەکالەت لەلایەن مستەفا ئەفەندی دامەزراوە، هەرچەندە بە پێی راپۆرتی موتەسەرفی شارەزوور لە ١٤ جەمادی یەکەم ١٢٧٤ کۆتایی بە کارەکەی هێنراوە، مستەفا ئەفەندی نازانێت ناوبراو چ پیاوێکی ناماقوڵە، ناوبراو مووچەی بەرێوەبەرایەتی ٣٠٠٠ قوروشە، لێرەوە کۆتایی بە ئەرکی بەرێوەبەرایەتی دەهێنرێت، بۆ هەڵبژاردنی کەسێکی تر نووسراو دەنێردرێتە دەستە، ١٦ جەمادی یەکەم ١٢٧٤.

- لە ١٧ جەمادی یەکەم ١٢٧٤ ئەو راپۆرتەی هاتۆتە دەستە بۆ بەرێوەبەری قەزای ناوبراو عەلەمدار مستەفا پاشا، ئامادەی نیشان دابوو ببێتە بەرێوەبەر، بە هەمان مووچە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو نادیارە وا باشترە لە شوێنی ئەو حاجی نوری بەگ هەڵبژێردرێت، بە مووچەی ٣٠٠٠ قوروش دامەزرێت، لە ١٩ جەمادی یەکەم ١٢٧٤.




هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.MVL.</td><td>00397.017303</td><td>23 زیلقەعدە 1274</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە دەسـتەی هەڵبـژاردنی فەرمانبـەر بـە مێـژووی ٨ زیلقەعـدە ١٢٧٤ دراوەتـە ئەنجوومـەنی واڵا بـە کارتێکـی ڕەزامەنـدی دیـاری کـراوە، شـەش حـەوت مانـگ پێـش ئێسـتا لـە ئەیالـەتی شـارەزوور لـە نـاو قـەزای هەولێر نـوری بـەگ بـە بەڕێوەبـەر دامـەزراوە، تـا ئێسـتا لـە شـوێنی دیـاری کـراو دەسـت بـەکار نەبـووە، تـا ئێسـتا چەنـد جـار بانـگ کراوەتـە دەسـتە و ئـاگادار کراوەتـەوە تـا بچێتـە سـەر کارەکـەی، کەچـی لەبـەر دووری شـوێنەکە تـا ئێسـتا دەسـت بـەکار نەبـووە، بـەڵام لەبـەر گرنگـی شـوێنەکەش ناکرێـت بـە وەکالـەت کارەکە بەڕێوەببرێـت، بۆیـە لابدرێـت و لـە شـوێنی ئـەو توزجـی‌زادە ئەدهـەم ئەفەنـدی بـە بەڕێوەبـەر دابمەزرێت، مانگانـە ٣٠٠٠ قـوروش مووچـەی بـۆ ببڕێتـەوە، لـە خەزینـە بنێردرێتـە نـەزارەتی دارایـی و موتەسـەرفیش ئـاگادر کراوەتـەوە و بـۆ ئەنجوومـەنی واڵا ڕەوانـە کـراوە، ٢٣ زیلقەعـدە ١٢٧٤.</td></tr>
</table>


مالیه نظارت جلیله‌سنه


| A.MKT.MHM | 141.71 | 26 شەعبان 1275 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
لـە ئەیالـەتی شـارەزوور قەسـەبەی هەولێـر لـە گونـدی عەنـکاوە نیشـتەجێیە و هاتۆتـە سـەر ئاییـنی ئیسـلام بـە نـاوی شـێخ مسـتەفا، ١٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ براوەتـەوە، تـا ئێسـتا بەبـێ مۆڵـەت ئـەو پارەیـەی وەرگرتـووە، بـە پێـی نـووسراوی نێـردراو، ئـەو داواکاریـەی لـە ئەنجوومـەن هاتـووە، بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، تـا بـۆی جێگیـر بکرێـت.



هەواڵنامەی کێتێ

<table>
<tr><td>.A.MKT.UM</td><td>00322.00001</td><td>6 موحەررەم 1275</td></tr>
<tr><td colspan="3">
- بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>
لە قەزای هەولێر بە فەرمانی پاشا، قەپوچی باشی لە ریکابی همایۆن ئەدهەم ئەفەندی، ئەمجارەیان وەکو بەڕێوەبەری قەزا بۆ سەر کارەکەی بەرێکەوتووە، ناوبراو پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت.<br><br>
- بۆ والی ترابزۆن<br>
بە فەرمانی پاشا لە قەزای هەولێر وەکو بەرێوەبەری قەزا قەپوچی باشی لە ریکابی همایۆن ئەدهەم ئەفەندی دامەزراوە، ئەمجارە کەوتۆتە ڕێگا بۆ شوێنی کارەکەی، پێویستە یارمەتی بدرێت و ئاسانکاری بۆ بکرێت.<br><br>
- نامەی ڕێگا<br>
لە ترابزۆنەوە تا دەگاتە شارەزوور ئەو قائیمقامیەت و بەرێوەبەرایەتی قەزایانەی دەکەونە سەر ڕێگا، دوای سەلام، لە قەزای هەولێر وەکو بەرێوەبەری قەزا، قەپوچی باشی لە ریکابی همایۆن ئەدهەم ئەفەندی دامەزراوە، ئەمجارە بۆ ئەو شوێنە کەوتۆتە ڕێگا، تا دەگاتە شوێنی مەبەست یارمەتی بدەن و کارەکانی بۆ ئاسان بکەن.
</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. UM. | 00323.00031 | 16 موحەررەم 1275 |
|---|---|---|


بۆ موتەسەرفی موسڵ


لەبـەر ئـەوەی لـە ئەنجوومـەنی موسـڵ نوێنـەری پرۆتسـتان نییـە، لـە موسـڵ نوێنـەری پرۆتسـتان قۆچەباشی شـەماسی ئارامـی بـۆ دامەزرانـدنی بـە نوێنـەری پرۆتسـتانەکان لەلایـەن وەکیلـەکانی داواکـراوە، لـە داواکاری ئەنجوومـەنی موسـڵ، وەڵامـی نـووسراو نێـردراوە، لـە نووسراوەکـەدا هاتـووە لـە راسـتییدا قۆچەبـاشی لـە ئەیالـەتی شـارەزوور لـە قـەزای هەولێـر دانیشـتووی گونـدی عەنـکاوە بـووە، لـەم دواییـە لـە موسـڵ نیشـتەجێ بـووە و مەزهـەبی پرۆتسـتانی هەڵگرتـووە و بـە هاوبـەشی ئەمەریـکاوە لەگـەڵ کەسـانێکی کـەم نامـەی بـە کریسـتیانەکان فرۆشـتووە، هەروەهـا لەلایـەن ئەمەریـکاوە مانگانـە ٢٥٠ قـوروشی بـۆ براوەتەوە، لـە موسـڵ داوای لـە سریـانی و یەعقوبیـەکان کـردووە، بێنـە سـەر ئـەو مەزهەبـە، کـە وای لێهاتـووە لـە رووی ئاسایشـەوە خەڵـک تـووشی کێشـە بێـت، بۆیـە وا پێویسـت دەکات لە شـوێنێک کارێکـی پێ بدرێـت، یاخود لـە ئەنجوومـەنی موسـڵ وەکـو ئەندامـی میللـەتی پرۆتسـتان دەسـت بـەکار بێـت، ئەمـەش لـە ئەنجومـەنی والا ئامـاژەی پـێ کـراوە، بـەڵام هـەر چەنـدە قۆچەبـاشی مەزهـەبی پرۆتسـتانە گەنجـاو نییـە لـەلای بێگانـە فەرمانبـەر بێـت، بۆیـە پێویسـتە زۆر بـە ووردی لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت.


I MVL 423/18554

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.I.MVL</td><td>00423.018554</td><td>21 موحەررەم 1275</td></tr>
<tr><td colspan="3">
- لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور پڕە لە هۆز و عەشیرەت، ئەدهەم ئەفەندی لە بەڕێوەبەرایەتی لابدرێت و لە شوێن ئەو بەڕێوەبەری پێشوو سەلیم ئاغا دابنرێت.<br><br>
- لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور خەڵکەکەی لە هۆز و عەشیرەت پێک هاتوون، پێویستییان بە چاودێریە، ئەو بەڕێوەبەرەی لەوێ دەست بەکاربووە ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی لە بارەی پلانی عێراق هیچ زانیارییەکی نییە، لە قەزای ناوبراو کوشتن و شەڕ و دزیکردن زۆر بووە، لە زیندان راکردن هەیە و ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، هەروەها ناتوانی کارەکان بەڕێوە ببات، بۆیە پێویستە لەسەر کارەکەی لابدرێت و پێویستە یەکێک لە شوێن ئەو دابمەزرێت، کە زانیاری هەبێت، لەوانەش سەلیم ئاغا یەکێک بووە لە کارگێری کارەکانی بە باشی راپەڕاندووە، لە قەزای ناوبراو بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ کاری کردووە، بۆیە ئیبراهیم لابدرێت و لە شوێنی ئەو سەلیم ئاغا دابنرێت، ٢١ موحەررەم ١٢٧٥.
</td></tr>
</table>


i. MVL 423/18554
9





هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. UM. | 00374.00062 | 3 رەبیعی کۆتایی 1276 |
|---|---|---|


لە قەزای هەولێر وەکو بەڕێوەبەری قەزای هەولێر لە کارەکەم دوورخراومەتەوە، لە هەمان کاتدا بە پێویستیان نەزانیوە ماوەی کارەکەم درێژ بکەنەوە، من دڵسۆزی خۆم بۆ دەوڵەت راگەیاندووە و بۆ رازی کردنی پایەدارانی دەوڵەت لە قەزای ناوبراو وەکو بەڕێوەبەر خەرجیەکی زۆرم کردووە، تەنانەت هیچ گەشتێکم بۆ هیچ شوێنێک نەکردووە، لە کۆتاییدا چوومەتە بەغداد، کەچی تا ئێستا لە مووچەکەم یەک ئاقچە زیادی نەکردووە، لەم کاتەدا بەبێ هۆکارێکی نادیار لە کارەکەم دوور خراومەتەوە، لەگەڵ ئەوەش دژی دەوڵەت قسەم نەکردووە، دووبارە پارەیەکی زۆرم خەرج کردووە و گەراومەتەوە ترابزۆن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دووچاری پەرێشانی ببمەوە، بۆیە ئەگەر بکرێت دەوڵەت بەرامبەر بە من میهرەبان بێت و لە قائیمقامیەتێک یاخود لە بەڕێوەبەرایەتێکم دابنێت، ئەمر و فەرمان و میهرەبانی و بەزەیی بۆ ئەو کەسەیە کە بەخشندەیە.

٣ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٦
توزچیزادە ئیبراهیم ئەدهەم ئەمین




| | | |
|---|---|---|
| A. MKT. UM. | 00375.00019 | 5 رەبیعی کۆتایی 1276 |


لە ئەرکی بەڕێوەبەری لە قەزای هەولێر دوورخراومەتەوە و ئیتر پێویستیان پێم نییە، ئەگەر بکرێت بمنێرنە بەڕێوەبەرایەتی قەزایەک یاخود لە قائیمقامیەت کارم پێ بدەن.
٥ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٦ / توزچیزادە ئیبراهیم ئەدهەم ئەمین



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| 23 رەبیعی کۆتایی 1276 | 00379.00035 | A.MKT.UM. |

بۆ والی ترابزۆن
لـە قـەزای هەولێـر بەڕێوەبـەری پێشـوو قەپوچـی بـاشی لـە ڕیـکابی هومایـۆن توزچـیزادە ئیبراهیـم ئەدهەم ئەفەنـدی دوای جیابوونـەوەی لـە کارەکـەی خـۆی، لەگـەڵ ئـەوەی گەڕاوەتەوە ترابـزۆن، لە ئەنجوومـەنی واڵا نێـردراوە، کـە لـە ترابـزۆن وەکـو بەڕێوەبـەر دەسـت بـەکار بێـت.




هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A. MKT. UM.</td><td>00390.00013</td><td>18 جەمادی کۆتایی 1276</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>لە خانەدانەکانی ئەرزەروم سەعید ئەفەندی لەبەر ناخۆشی بژێوی ژیانی، هەروەها لەبەر ئەوەی منداڵی زۆرە، تووشی ناچاری بۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بکرێت لە شارەزوور، لە یەکێک بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەولێر، کۆی، قەرە تاغ کارێکی پێ بدرێت، یاخود کارێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش لە ئەنجومەنی والا ئاماژەی پێکراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| 12 رەجەب 1276 | 00428.018774 | I.MVL. |
|---|---|---|


شێخ خالید کە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندییە لە قەسەبەی هەولێر خانقاکەی پێویستی بە تەواو کردنی خانەقاکەیەتی بۆ تەواو کردنی خانقاکەشی داوای پارەی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە ١٢٥٠٠ قوروش لە داهاتی ئاوقافی بەغداد دابین کراوە، ١٢ رەجەب ١٢٧٦.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .AE. SMST. III | 00106.08079 | 26 موحەڕڕەم 1277 |


٢٦ موحەڕڕەم ١٢٧٧
لە سەنجەق و ناحیەی هەولێر لە گوندی کێڵگەی بیراباد یوسف بەگ و چەندی تر ٥٤٨٨ ئاقچە زەوی کشتوکاڵی هەیە، لە قەڵای هەولێریش ئەبوبەکر ئەفەندی کە خەریکی ووتنەوەی زانست و زانیاریە بۆ قوتابیان، لەلایەن ناوبراوەوە بۆ دەرهێنانی بژێوی ژیانی خۆی سەرپەرشتی ئەو زەوییە کشتوکاڵیەی دەکرد، ئێستا بەهۆی مردنیەوە، زەوییەکە بەبێ خاوەن ماوەتەوە، مەلا عوسمانیش خاوەن زانستە و جێگای رێزە، شایستەی ئەوەیە ئەو زەوییەی پێ بدرێت و سەرپەرشتی بکات، لە سەرەتای مانگی شەوال ساڵی ١١٧٦ نوسراوەتەوە.




هەولێرنامەی کتێب

| .I.DH | 00470.031534 | 7 شەوال 1277 |
|---|---|---|

بە پێی داواکاری نەزارەتی دارایی جەلیلە بەپێی ئەو راپۆرتەی پێشکەشی کراوە، لە ئەیالەتی شارەزوور قەزای هەولێر خانەدانی هەولێرە و مانگانە ١٩٥ قوروش مووچە وەردەگرێت، لە گوندی گردە رەشە پیرەبابی خاوەنداریەتی یەک لە دە (اعشار)ی سێ یەکی داهاتی (ثلث حصە اعشاری) دەکات، دوای ئەوەی عەبدوڵڵا ئەفەندی کۆچی دوای کرد، ئەو داهاتە دیاریکراوە بۆ میری گەراوەتەوە، هەرچی مووچەکەشی ١٠٥ قوروش کوڕەکەی کە یەکێکە لە زاناکان سلێمان ئەفەندی و ئەوەی لە مووچەکەشی ماوەتەوە ٩٠ قوروشە دەدرێتە کوڕەکەی تری بەناوی عەبدولرەحیم، رەزامەندی لەسەر ئەوە دراوە، ٧ شەوال ١٢٧٧.



هەوالنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| .A. MKT. MVL | 133.48 | 2 رەبیعی یەکەم 1278 |

- بابی عالی
بڕیاری دادوەری لە ئەنجوومەنی واڵا
ژمارە ٥٤٤
لـە ئەنجوومـەنی شـارەزوور بـە مێـژووی ٢٠ رەبیعـی یەکـەم ١٢٧٨ بـۆ ئەنجوومـەنی واڵا ڕۆیشـتووە، یـەک پارچـە داواکاری لـە ئەیالـەتی ناوبـراو قـەزای هەولێـر هاتـووە بەڕێوەبـەری هەولێـر قەپوچـی بـاشی سـەلیم ئاغا بەهـۆی مردنیـەوە لـە شـوێنی ئـەو توفیـق ئاغـا بـە وەکالـەت لـە بەڕێوەبەرایـەتی دەسـت بـەکار بێـت، لەبـەر ئـەوەی گونجـاو نییـە بـۆ کارەکـەی، وا باشـترە بـۆ بەڕێوەبـەری قـەزای ناوبراو بـە مووچـەی مانگانەی ٣٠٠٠ هـەزار قـوروش هـەروەک چـۆن ئـەو بـڕە مووچەیـە هەمـوو بەڕێوەبـەری قـەزاکان وەریدەگـرن، بـە پلـەی بەڕێوەبـەری ئـستەبڵی عامیـرە قائیمقامـی پێشـووی عەنتـاب خەلیـل ئاغا شـارەزا لـەم بـوارە بـەم مووچەیـەی کـە بـۆی دیـاری کـراوە، وەکـو بەڕێوەبـەری قـەزای ناوبـراو دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراو چۆتـە خەزینـە، بـۆ نـەزارەتی داراییـش ڕۆیشـتووە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٢ رەبیعـی یەکـەم ١٢٧٨.

- بۆ سەدارەت
بەڕێوەبـەری قـەزای هەولێـر سـەر بـە ئەیالـەتی شـارەزوور قەپوچـی بـاشی سـەلیم ئاغـا پێنـج ڕۆژە بـە مردنی خـۆی مـردووە، بـە داواکاری داواکـراوە لـە شـوێنی ئـەو کەسـێکی گونجـاو و خـاوەن خویەکـی هۆزگەرایـەتی بـۆ ئـەم شـوێنە بنێـرن، بەمـەش توفیـق ئاغـا بە نیـوە مووچـەی پلـەی بەڕێوەبـەر بـە وەکالـەت دابمەزرێنن، لـە ئەنجوومـەن جێگیـری بکـەن، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٣ سـەفەر .١٢٧٨




هەوالنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.A. MKT. NZO</td><td>379.39</td><td>15 جەمادی یەکەم 1278</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>لە ئەیالەتی شارەزوور قەزایەکانی کەرکووک و کۆی سانجەق و هەولێر، هەژماری ساڵی ٧٦ رسوماتی ژمارەی مەروماڵاتەکانی ٧ یوک، ٧٩٠٠٠ و چەند قوروشێکە، هەروەها لە قەزای کەرکووک عەشیرەتەکانی عوبەید و ئەبو موفرەج و عەزیر رسوماتی ژماری مەروماڵاتیان هێشتا بە شێوەیەک بەدەست هێناوە دیار نییە، لە ئەیالەتی ناوبراو لەلایەن قائیمقامەوە یەک پارچە نووسراو نێردراوە.</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞIVI
A.} MKT.UM
571 | 13 | 1


| 6 زیلحیجه 1278 | 00571.00013 | A. MKT. UM. |
| --- | --- | --- |
| بۆ جەنابی والی بەغداد<br>لەلایەن خەنجەگول کوری سەرکیز داواکاریەکی پێشکەش بە بەرێوەبەری قەزای هەولێر سەید ئاغا کردووە، کە پێویستە ٢٠٣٥٠ قوروش رادەستی داواکار بکات. | | |



| | | |
|---|---|---|
| 20 رەبیعی یەکەم 1278 | 759.51 | **A. MKT. MVL.** |


بریارنامە ١٤٨
لە مێژووی ٢٠ رەبیعی یەکەم ١٢٧٨ لە ئەنجوومەنی شارەزوور هاتووە و بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، یەک داواکاری لە ئەیالەتی ناوبراو بەڕێوەبەری قەزای هەولێر، قەپوچی باشی سەلیم ئاغا بەهۆی مردنیەوە، لە شوێنی ئەو بە وەکالەت تۆفیق ئاغا وەکو بەڕێوەبەر دادەمەزرێت، هەر چەندە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، لە قەزای ناوبراو مووچەی بەڕێوەبەر ٣٠٠٠ قوروشە، بەڵام بەهۆی نەگونجانی ناوبراو بۆ ئەو پلەیە، لە بەڕێوەبەرایەتی قەزای ناوبراو، قائیمقامی پێشووی عەنتاب خەلیل ئاغا لە پلەی بەڕێوەبەری تەوێلەی پاشا بە مووچەی دیاری کراو لە قەزای ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتیەکە دابمەزرێت، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو لە خەزینە جێبەجێ کراوە و نێردراوەتە نەزارەتی دارایی، ئەمر و فەرمان.


عەرەبستان ١٤
بەهۆی مردنی بەڕێوەبەری قەزای هەولێر سەلیم ئاغا لە شوێنی ئەو خەلیل ئاغا، داواکاری دامەزراندن.



هەواڵنامەی کتێب

| A. MKT. MHM. | 276.64 | 29 ڕەبیعی یەکەم 1280 |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>لە گوندی عەنکاوە سەر بە قەزای هەولێر پێشەکی ۱۱۰۰۰۰ قوروش لەسەر خەڵکەکەی سەپێنراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، کە کارێزێک و دوو ئاش موڵکی میریە، لەلایەن میرییەوە دراوەتە خەڵکەکەی بە زیادەی ۱۵۰۰۰ قوروش، بۆ ئەم مەبەستە ئەم نووسراوەی لەلایەن والی بەغدادەوە هاتووە لەگەڵ داواکاری بەیەکەوە نێردراوە. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| MVL. | 528.9 | 14 زیلقەعدە 1283 |
|---|---|---|

- بۆ والی بەغداد
لە زاناکانی هەولێر داود ئەفەندی لەبەر خراپی بژێوی ژیانی داوای میهرەبانی پاشا دەکرێت، بە داواکاریەکەوە داوای برینەوەی مووچەیەک دەکات.

- لە هاوپێچەکانی بەغداد زەکات و سەر فترەی گوندەکانی قەزای هەولێر ئاماژەی پێکراوە گردعازەبان، دوغان، کارینچ قورشاغلو، دووسەرە، قول تەپە، قەلانجوغ، خەرابە دراو، گازنە، پیرزین، گردە چاڵ، یەدی قزلەر، ماستاوە
ئەو داواکارە لە زاناکانە، دوای ئەوەی زانستی شەریفی تەواو کرد، دواتر خەریکی ووتنەوەی وانە بووە، هیچ قازانجێکمان نەکردووە، بارودۆخمان پەرێشانە، ئێستا هیچ مووچە و داهاتمان نییە، بۆیە داوای میهرەبانی سەروو دەکەین، بۆ رەزامەندی خوا و پێغەمبەر هەم سەدەقەی پاشاکانمان بێت، لەلایەن دانیشتوانی ئەو گوندانە ساڵانە زەکات و سەر فترە کۆ دەکرێتەوە، لە ئەنجوومەن بە بوونی بەرائەتەوە بریار بدرێت پارەکەی بۆ خەرج بکرێت، تا بەردەوام بێت لە وانە ووتنەوە، خوا لە هەردوو دونیا بتانپارێزێت، هەر چەندە داهاتی هەموو گوندەکان بە کۆکراییەوە ناکاتە بیست یوک بەڵام لە نەبوونی باشترە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
خادمی شەریفی رەسوڵوڵڵا داود مودەریسی هەولێری





هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00564.025341 | 21 جەمادی یەکەم 1283 |
|---|---|---|

- لـە خانەدانـەکانی قـەزای هەولێـر و شـێخی تەریقـەتی قادریـە سـەید سـەنعەتوڵڵا ئەفەنـدی بەهـۆی مردنیـەوە سـاڵانە ١٥ عولبـە گەنـم کە بـۆی تەرخـان کرابـوو، نیـوەی بـۆ خزینـە و نیوەکـەی تـری دوو عولبە و نیـو بـۆ محەمـەد ئەفەنـدی کـە کوێـرە و پێنـج عولبـەش بـە شـێوەیەکی یەکسـان بـۆ نەوەکـەی سـەید عەبدولعەزیـز و ژنـەکانی تەرخـان بکرێـت، لـە ئەنجومـەنی بەغـداد رێکخـراوە لەگـەڵ راپـۆرت و بەرائـەتی شـەریف جێبەجـێ دەکرێـت، ٢١ جەمـادی یەکـەم ١٢٨٣.

- موفتـی قـەزای هەولێـر ئیبراهیـم ئەفەنـدی بـە هـۆی مردنیـەوە، کـە مانگانـە ٣٢٢ قـوروش مووچـەی وەرگرتـووە، نیـوەی بـۆ خەزێنـە دەگەرێتـەوە و نیوەکـەی تریـش بـۆ کـورەکانی ئەحمـەد ئەفەنـدی و عەبدولقـادر ئەفەنـدی و سـاڵح ئەفەنـدی تەرخـان دەکرێـت، لـە ئەنجوومـەنی گـەورەی بەغداد رێکخـراوە و داواکاری و بەرائـەتی هەیـە، ٢١ جەمـادی یەکـەم ١٢٨٣.


- لـە قـەزای هەولێـر نەقیبـی خانەقـای خالیدیـە داود ئەفەنـدی بەهۆی مردنیـەوە، کە مانگانـە ١١٠ قوروش مووچـەی بـۆ برابـووەوە، حـەوت عولبـە و نیـو گەنمی وەردەگـرت، نیـوەی دەگەرێتـەوە خەزینـە و نیوەکەی تریـش بـۆ کـورەکانی سـلێمان و مسـتەفا و محەمـەد توفیق و ژنـەکانی خەدیجە و عائیشـە تەرخـان دەکرێت، لـەم بارەیـەوە لـە ئەنجومەنی گـەورەی بەغداد رێکخـراوە و لەگـەڵ داواکاری و بەرائەتەکانیـان جێبەجێکراوە، ٢١ جەمادی یەکـەم ١٢٨٣.




هەواڵنامەی کتێب





هەوالنامەی کتێب



هەولێرنامەی کتێب


<table>
<tr><td>A. MKT. MHM.</td><td>426.19</td><td>24 رەجەب 1285</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی نافیعە<br>خەرجــی تەلەگرافخانــە و تێــل و پێداویســتی لــە لایــەن دانیشــتووانەوە دراوە، لەســەر ئــەوە هێــڵی بەرێوەبەرایــەتی هەولێــر دابیــن کــراوە، بــۆ ئــەم مەبەســتە لــە والی ویلایــەتی بەغــداد نــوسراو نێــردراوە، لەگەڵ نــووسراوی داواکاری بەیەکــەوە نێــردراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| .A. MKT. MHM | 431.53 | 27 رەمەزان 1285 |

بۆ ویلایەتی بەغداد و نەزارەتی دارایی
بـە مەبەسـتی راکێشـانی هێـلی تەلەگـراف بـۆ قائیمقامیەتـەکانی سـلێمانیە و روانـدز و بەڕێوەبەراپـەتی هەولێـر بـۆ هـەر یەکـە نـووسراو بـۆ ویلایـەتی بەغـداد نێـردراوە، لەوێشـەوە ڕەوانـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، بـۆ هێـلی هەولێـر و لەگـەڵ ئـەوانی تـر نرخـی خەرجـی تێچـووی دروسـت کـردنی تەلەگرافنامەکـە لەلایـەن خەڵکـی ناوچەکـە دەدرێـت، بـۆ هێڵـی سـلێمانیە و روانـدز تێل و پێداویسـتی لـە ئەوروپـاوە دێت، نرخەکـەی ٣٠٧٥٠ فرانکـە هەرچـی ٨٥٠٠ قوروشـیش بـۆ مووچـەی مانگانـەی فەرمانبەرەکانیـەتی، هەرچـی هەولێـرە ئـەوا کەلوپەلەکـەی وەکـو ئەویـان نرخەکـەی ١٢١٥٧ فرانکـە و لەگـەڵ ٢٥ سـانتیم، مانگانـەش ٩٦٦ قـوروش مووچـەی فەرمانبـەرەکانی دەبێـت، ئەویـش لـە داهـاتی تەلەگـراف دەبێـت، جگـە لـەوەش خەرجـی هێـلی هەولێـر و تەلەگرافخانەکـە بونیـاد بنرێـت و لـە لایـەن دەوڵەمەنـد و بازرگانـەکان بدرێـت و بـەشی خەڵکـە هەژارەکـەش بـدەن. خەرجـی تەلەگرافخانـەی سـلێمانیە و روانـدز و هێڵەکەشی لەلایـەن دەوڵەمەند و بازرگانـەکان لـە ڕێگـەی پـارەی سـەدەقە بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داواکاری بـۆ خەزینـە بنێردرێـت و جێبەجـێ بکرێـت. هەروهـا نـەزارەتی داراییـش ئـاگادار بکرێتـەوە.





کتێبی هەواڵنامە

| A. MKT. MHM. | 00437.00086 | 24 زيلحيجه 1285 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>قـەزای دیـرە کـە سـەر بـە قائیمقامیـەتی روانـدز بـوو، بەسـترایەوە بـە قـەزای هەولێـر، لەوێـش قائیمقامیەت دامـەزراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراو بـۆ ویلایەتی بەغـداد نێـردراوە. | | |




| 1285 زیلحیجە 16 | 440.16 | A. MKT. MHM. |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>لـە زانـاکانی هەولێـر ئیلیـاس ئەفەنـدی بەهـۆی مردنیـەوە، ٧٥ قـوروش مووچەکـەی ماوەتـەوە، داواکـراوە بدرێتـە کـوڕەکانی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراو لەگـەڵ داواکاری بەیەکـەوە بـۆ ویلایـەتی بەغـداد نێـردراوە. | | |


I.DH 590/41065


هەواڵنامەی کتێب

| 8 موحەررەم 1286 | 00590.041065 | I.DH. |
|---|---|---|
| لە ئەیالەتی شارەزوور قەسەبەی هەولێر ئەحمەد ئەفەندی زانا و بە توانا، ئەمجارە ناوەکانی خو (اسما الحسنە)ی شی کردۆتەوە، خۆشی کەسێکە بەرامبەر بە دەوڵەت تا بڵێی دەروون پاکە، بۆیە مانگانە ١٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو ڕەوانەی نەزارەتی دارایی جەلیلە کراوە، لە ٨ موحەررەم ١٢٨٦. | | |




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>00706.049424</td><td>19 رەجەب 1292</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە پەراوێزی قەسەبەی هەولێر لە خزمەت مزگەوتی گەورە (جامع کبیر) بە ناوی مەلا شێخ بە بەرائەتی عالی بەرامبەر بە خزمەتەکانی ساڵانە گەنمی بۆ دابینکراوە، بەڵام دوای مردنی ئەو برە گەنمە ماوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بدرێتە عەبدولرەحمانی کوڕی، لە نەزارەتی دارایی راپۆرت نێردراوە، ئێستا لەسەر فەرمانی هۆمایۆن ماوەتەوە، کە ئەو کاتەی رازی بوو جێبەجێ دەکرێت، ١٩ رەجەب ١٢٩٢.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب


| I.SD. | 00035.001745 | 10 جەمادی یەکەم 1294 |
|---|---|---|

- لە نەزارەتی دارایی جەلیلە ١٢ جەمادی یەکەم ١٢٩٤ بۆ شورای دەوڵەت نێردراوە، بە راپۆتی ژمارە ١٢٨ لە مێژووی ١٠ جەمادی یەکەم ١٢٩٤ دەفتەری دەرخستن لە فەرمانگەی دارایی ئامادە کراوە. لە هەولێر سەر بە ویلایەتی بەغداد تەلەگراف و پۆستەخانە وێران بووە، هەندێک شوێنی پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، بە پێی ئەو دەرخستەی کە بۆی کراوە، بۆ نۆژەنکردنەوەی ٢٩٩٥ قوروشی پێویستە، ئەم برە خەرجیەی کە پێویستیشە بە داواکاریەک رەوانە کراوە، هەروەها نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف لە موازەنەی ١٢٩٣ دیاری کردووە، ئەو جۆرە نۆژەن کردنەوەیە پێویستی بە ١٢٠٠٠ قوروش هەیە، نابێ لە ٢٩٤٥ قوروش و نیو زیاتر بێت، بەم مەرجەی کە نابێ لەم برە پارەیە زیاتر خەرج بکرێت ئینجا نۆژەن بکرێتەوە، بەم مەرجەش دەفتەری دەرخستن رەوانەی خەزێنە کراوە، لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٢٩٤.

- دەفتەری دەرخستنی دووەمی پۆستە و تەلەگرافی هەولێر
پارەکە ٢٩٩٥
پۆستە و تەلەگراف خانەی هەولێر بنمیچ و هەندێک لە شوێنەکانی تری پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، بە پێی وەڵامی ژمارە ٢٠٠ لە مێژووی ٩ ئەیلول ١٢٩٢ بە پێی زانیاری فەرمانگەی شارەوانی و بەرپرسی بیناسازی ٢٩٩٥ و نیو قوروش خەرجیەکەیەتی، پێویستە بە خێرایی نۆژەن بکرێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمانی لە دەستە، لە ١٩ رەمەزان ١٢٩٢.




هەواڵنامەی کتێب


٤٢٨


İ.DH 793/64346

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .I.DH | 00793.064346 | 15 زیلقەعدە 1296 |


قائیمقامی هەولێر بە وەکالەت حاجی بەکر ئاغا خوێندنەوە و نووسین نازانێت، هەروەها قائیمقامی قەزای خۆراسان مەهدی ئەفەندی بەهۆی ڕێک نەکەوتنی لەگەڵ هەندێک خەڵک، ئەوی تر بەکر ئاغا لە ئەرکی تر خزمەتی نەکردووە، لە قائیمقامییەتی هەولێر دووربخرێتەوە و لە شوێنی ئەو قائیمقامی خۆراسان مەهدی، لە شوێنی قائیمقامی خۆراسانیش قائیمقامی پێشووی عەقرە حەسەن ڕەزا ئەفەندی دابنرێن، هەروەها نووسراوی حەسەن ڕەزا ئەفەندی بۆ پشت ڕاست کردنەوە نێردراوەتە ویلایەتی بەغداد، بە مێژووی ٢٩ شەعبان ساڵی ١٢٩٤ ژمارە ٣٦ لە دەفتەری نووسین (دفتر تحریر) خوێندراوەتەوە و سەیر کراوە، لە بارەی گواستنەوەی مەهدی ئەفەندی بۆ هەولێر خەڵکەکەی لە دژی وەستاون، هەرچی حەسەن ڕەزا ئەفەندی بەهۆی سەنگینییەوە لە ڕووی خزمەتی پێشووی یەک ڕۆژ هیچ ناگونجاوییەکی نەبووە، لە ئەنجوومەنی کارگێری نووسراوی پشت ڕاست کراوەتەوە، مەهدی ئەفەندی بۆ هەولێر و قائیمقامی پێشووی عەقرە حەسەن ڕەزا ئەفەندنی بۆ قائیمقامی قەزای خۆراسان گونجاوە و نووسراو پێشکەشکراوە، لە نەزارەتی جەلیلەش فەرمان دەرکراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٥ زیلقەعدە ١٢٩٦ و ١٨ تشرینی یەکەم ١٢٩٥.


مۆر یورغاکی ولد اوستویان / محەمەد ئەمین / ئەحمەد حیلمی / ئەحمەد جەلال



هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 00844.067794 | 27 موحەررەم 1299 |
|---|---|---|
| قائیمقامی قەزای هەولێر مەهدی ئەفەندی لەبەر جموجۆڵی خراپ و رەفتاری بەدی، بردراوەتە دادگا و لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لە شوێنی ئەو قائیمقامی قەزای سەڵاحییە رەشید ئەفەندی و بۆ سەڵاحییەش قائیمقامی پێشووی قەزای دیوانییە عەبدولعەزیز ئەفەندی دامەزراوە، کاغەزی عەبدولعەزیز ئەفەندی پشت راست کراوەتەوە و بۆ قۆمیسیۆنی ویلایەتی موسڵ نێردراوە، لە بریارنامەی ٢٨ زیلقەعدە ساڵی ١٢٩٨ گرنگییەکەی روون کراوەتەوە، لەگەڵ مووچەکانیان پشت راست کراوەتەوە، هەروەها نووسراوی مەهدی ئەفەندی روون کراوەتەوە ئەنجامی دادگاش نێردراوەتە ژمێریاری ناوەخۆ، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٧ موحەررەم ١٢٩٩ و ٧ کانوونی یەکەم ١٢٩٧.<br>محەمەد ئەمین / ئەحمەد جەلال / یوزغاکی ئەفەندی | | |





هەواڵنامەی کتێب

| .ŞD | 2461.20 | 27 زيلحيجه 1299 |
|---|---|---|


- ١٦ موحەررەم ١٣٠٠
لەبەر دزین قائیمقامی قەزای هەولێر پەلکێشی دادگا کراوە، لەگەڵ هەندێک لە فەرمانبەرانی دە یەک (عشریە)، پێویست دەکات دەستەی تاوانبارکردن (هیئە اتهامیە) بریار بدات.

- لەبەر ئەوەی دە یەک (عشریە)یان دزیوە، قائیمقامی قەزای هەولێر برداوەتە دادگا. هەندێک لە فەرمانبەرانیشی ووتەیان لێ وەرگیراوە، بۆ ئەم مەبەستە تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ نووسراوە، لە ٢٧ زیلحیجە ١٢٩٩ و ٢٨ تشرینی یەکەم ١٢٩٨.


- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
قائیمقامی قەزای هەولێر لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دە یەک (عشریە) بەهۆی دزینی دە یەکی داهات بۆ دادگا براون، پێویستە کاغەزەکانیان بردرێتە دەستەی تاوانبارکردن (هیئە اتهامیە)، بەڵام لەبەر ئەوەی لە قەزاکان دەستەی تاوانبارکردن (هیئە اتهامیە) نییە، بۆیە فەرمانگەی ویلایەت سێ لە ئەندامەکانی بۆ دامەزراندنی دەستەی تاوانبارکردن (هیئە اتهامیە) دابین بکات، یاخود بە شێوەیەکی تر رێک بخرێت، ٢٦ تشرینی یەکەم ١٢٩٨.
والی ویلایەتی موسڵ/ تەحسین



هەواڵنامەی کتێب


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.SD.</td><td>00073.004303</td><td>9 جەمادی یەکەم 1302</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگراف خانەی هەولێر وێران بووە، پێویستی بە ١٧٩٠ قوروشە تا نۆژەن بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو دراوەتە نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف ئەویش ناردوویەتی بۆ فەرمانگەی شورای دەوڵەت، لە ٩ جەمادی یەکەم ١٣٠٢.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .ŞD | 867.19 | 3 رەبیعی کۆتایی 1302 |


نەزارەتی سندوقی خانەنشینی
ژمارە ١٢٠٧
چاوشی تەلەگرافنامەی هەولێر مستەفا ئاغا مردووە، خێزانەکەی ئەسما خانم بۆ خۆی و کچەکەی حەمدییە خانم و کوڕەکەی عزەت ئەفەندی داوای مووچە دەکات، لەگەڵ ئەو داواکارییەی پێشکەشی نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە، خشتەی خزمەت و نووسراوی تایبەت بەم مەسەلەیە لە ژمێریاری ڕێکخراوە و ووردبینی بۆ کراوە.

لە نووسراوی ناوبراو مێژووی کارەکانی و بری مووچەکەی تا ساڵی ١٣٠٠ لە ساڵی مردنی دیاری کراوە، بە پێی ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای بەرزکردنەوە و نزمکردنەوە، ئەوەی ماوەتەوە ٩٠ قوروشە، ئەمەشیان بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان ناوبراوان دابەش دەکرێت، کە هەر یەکەیان ٣٠ قوروشی بەردەکەوێت، بە پێی ماددەی ٣٥ بۆ مامەڵەکردنەکە لە سندوق ئاگادار کراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٣ رەبیعی کۆتایی ١٣٠٢ و ٨ کانوونی دووەم ١٣٠٠.





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>00944.074743</td><td>20 جەمادی یەکەم 1302</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە قەزای هەولێر سەر بە سەنجاقی شارەزوور میوانخانەی حکوومەت ژووری پۆلیسەکان رووخاوە، ئەوانی تریش خەریکی رووخانن، بەپێی دەرخستنی میوانخانە، بۆ چاککردنەوە ١٩٣٠٠ قوروشی پێویستە، بۆیە بریارنامە رەوانەی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ کراوە، لەوێشەوە نێردراوەتە نەزارەتی ژمێریاری، بەپێی وەڵامی سەر عەسکەریش رەزامەندی دراوە لەسەر چاک کردنەوەی، ئەو پارەیەش لە ژاندارمەی گشتی و دەرماڵەی پۆلیس لە موازەنەی ساڵی ٣٠٠ پارەکە خەرج بکرێت، لە ٢٠ جەمادی یەکەم ساڵی ١٣٠٢ و ٢٣ شوبات ١٣٠٠.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


<table dir="rtl">
<tr><th>I.DH.</th><th>00980.077416</th><th>1 رەبیعی یەکەم 1303</th></tr>
<tr><td colspan="3">لە قەڵەمی ژمێریاری بۆ نەزارەتی دارایی<br>بـۆ قەسـەبەکانی دهـۆک و سـەڵاحییە و هەولێـر لەگـەڵ ناحییەکانی مـزوری و حـەوت عەشـیرەتەکان بۆ هەر یەکـە نووسـەرێکی بـاج دامەزرێـت، بـۆ ئەمـەش نـووسراو بـۆ ویلایـەتی موسـڵ لـە ٦ تشرینـی دووەم سـاڵی ١٣٠١ بـە تەلەگرافنامـە نێـردراوە، هەروەهـا قەسـەبە و ناحییـەکان سـاڵانە هـەر یەکـە ٣٠٠ قـوروش مووچـە پێیـان بدرێـت، لـە ئـەم ساڵەوە مووچەکانیـان بـۆ هەژمار دەکرێـت، کـە لـە بوودجـەی سـاڵی ١٣٠١ پـێ دەدرێـت، سـاڵانی دواتریـش بەپێـی موازەنـەی سـاڵانی داهاتـوو عەلاوەیـان بـۆ دەکرێـت تـا پارەکانیـان خەرج بکرێـت، ئەمـەش بەپێـی بریـاری ئەنجومـەنی کارگێـری لـە ژمێریـاری بریـاری لەسـەر دراوە، لـە ١ رەبیعـی یەکـەم سـاڵی ١٣٠٣ لـە ٢٦ کانـوونی یەکـەم ١٣٠١.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 1365.93 | 17 زیلحیجە 1303 |
|---|---|---|

بۆ سەدارەت پەناهی
١٧ زیلحیجە ١٣٠٣
٤ ئەیلوول ١٣٠٢
ماوەیەکە لە سنوور عەشیرەتی هەمەوەند و جاف دەستیان بە کاری بەد و دەستدرێژی کردووە، هەروەها بۆ وووریاکردنەوەی ئەوانە تا ئێستا سەرباز نەهاتووە، بە مەبەستی کۆچ پێکردنیان بۆ شوێنی تر پێویستە هەرچی زووە هێزێکی سەربازی بێت، ئەو تەلەگرافنامانەی لە ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی شارەزوور و سلێمانی بە مێژووی جیاواز وەرگیراوە، بە پێی هەندێک ووتە ئەمجارە لەگەڵ ویلایەتی موسڵ موتەسەرفی سلێمانیە و شارەزوور چەند پارچە تەلەگرافنامە هاتووە، لەسەر قسەی خدێوی لە سەر چاودێرانی سەروو لە تەلەگرافەکانیان دواکەوتنی هێزی سەربازی بۆتە هۆکاری ئەوەی چەتەکان بەرەو لای هەولێر برۆن و ئاسایشی ناوچەکە تێک بدەن، بۆیە بە ناچاری ئەو پۆلیسانەی کە لە بنکە بوونیان هەیە، ناردراونەتە لای هەولێر لەوێ ١٠ کەس لە چەتەکان دەستگیر کراون و بۆ چەتەکانی لای کەرکووکیش ٦ بلۆک لە رژێمی سوارە رۆیشتووە، ژمارەی چەتەکانیش ٣٠ کەس بووە، کە جگە لە چەتەیەک لە سەربازانی شاهانە ٣ کەس بریندار بوونە و ئاژەڵیش لەناوچوون، بەداخەوە ئاوا نووسراوە، لە تەلەگرافنامەکانی موتەسەرفەکانی شارەزوور و سلێمانیە بۆ ویلایەت نێردراوە، نزیکەی ١٠٠ هەمەوەند هێشتا لە ئێران لەسەر ئەم کارانە بەردەوامن بە پێی تەلەگرافی شارەزوور پێویستە سەربازی شاهانە وانەیەک بەم چەتانە بدات.



هەواڵنامەی کتێب



| | | |
|---|---|---|
| MV. | 17.26 | 26 جەمادی یەکەم 1304 |

پوختەی دارایی
لـە هەمەوەنـدەکان چەکیـان رادەسـت کردۆتـەوە، سـەرۆک و لایەنگرانیـان بـە پێـی ئامـاژەی پێشـووی پاشـا ڕەزامەنـدی لەسـەر لیخۆشـبوونیان دەرچـووە، لـە بـارەی گواسـتنەوەی خێـزان و منداڵەکانیـان کـە لـە ئێـران ماوەتـەوە، لەسـەر نیشـتەجێ کـردنی خێزانەکانیـان هەندێـک لێکۆڵینـەوە کـراوە و لـە ویلایـەتی موسـڵ بـە مێـژووی ٢ شـوبات ١٣٠٢ بـە درێـژی تەلەگرافنامـە هاتـووە.

بریار
لـە تەلەگرافنامەکـەی پوختـەی دارایـی لە سـەرۆکە نـاودارەکانی هەمەوەنـد و هەندێـک لـە خزمەتکارەکانیان و لایەنگرانیـان پێشـەکی دەکرێ لـە پۆسـتی پۆلیـس دابنرێـن و بـەم شـێوەیە بنێردرێنـە شـوێنە دوورەکانی سـنوور، هەورەهـا خێـزان و منداڵەکانیـان بگوازرێنـەوە ئـەو شـوێنانە کـە بۆیـان دەسـت نیشـان دەکرێـت، لـەوێ نیشـتەجێ بکرێـن، لـە قـەزای هەولێـر لـە سـەر زەوییـە خاڵیـەکان نیشـتەجێ بکرێـن، هەروەهـا دیـاری کـراوە ئـەم شـوێنە گونجـاوە بـۆ نیشـتەجێ کردنیـان، هەروەهـا ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە، جگـە لـەوەش سـەرۆکەکان و لایەنگرانیـان لـە ویلایەتـەکانی موسـڵ و دیاربەکر بە شـێوەی جیاکردنـەوە لە خزمەتی پۆسـتی پۆلیسـیدا دابنرێـن بەکاربهێنرێـن، بـۆ ئـەم کارەش لـە ویلایـەتی ناوبـراو و ویلایـەتی دیاربەکـر ئـاگادار کراونەتـەوە و نـووسراوی پاشا بـۆ نـەزارەتی ناوەخـۆ نێـردراوە.



هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.UM. | 493.53 | 30 جەمادی یەکەم 1304 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
ئەنجوومەنی تایبەت
لە مێژووی ٢٦ جەمادی یەکەم ١٣٠٤ وێنەیەکی بریارنامەکەیە
هەمەوەندییـەکان چەکیـان رادەسـت کردۆتەوە، سـەرکردەکانیان بە ئاماژەی فەرمی پێشـوو، داواکردنەکەیان قەبـوڵ کـراوە، کـە ئـەو منـداڵ و خێزانانـەی لـە ئێـران ماوەتـەوە، لەگـەڵ خۆیانیـان ببـەن، بەکەفالـەت رەزامەنـدی دراوە، لـە بـارەی نیشـتەجێ کـردن و جێگیرکردنیـان لەسـەر هەندێـک تێبینـی لـە ویلایـەتی موسـڵ بـە مێـژووی ٢ شـوبات ١٣٠٢ بـە تەلەگرافنامـە هاتـووە، بـە پێـی تەلەگرافنامەکـە سـەرۆکی نـاوداری هەمەوەندییـەکان لەگـەڵ هەندێـک لـە خزمەتـکارەکانی بێنـە نـاو ئەرکـی ئەفسـەرایەتیەوە، بـەم شـێوەیە بهێنرێنـە گەرەکـە دوورەکانی سـنوور منـداڵ و خێزانەکانیشـیان بهێننـە ئـەو گەرەکانـەی کـە تێـدا نیشـتەجێ دەبـن و لـەوێ نیشـتەجێ بکرێـن، ئـەوانی تریـش لە قـەزای هەولێر لـە زەوییـە خالیەکان نیشـتەجێ بکرێن، کەچـی سـەرۆک و خزمەتـکارەکان و لایەنگرانیـان لـە ویلایـەتی موسـڵ و دیاربەکر بە شـێوەیەکی پەرشـوبڵاو نیشـتەجێ بکرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ولایەتـەکانی دیاربەکـر و موسڵ لـە رێگـەی نـەزارەتی ناوەخـۆ بـە نـووسراوی پاشا ئاگادارکراونەتـەوە.


| .I.DH | 01024.080775 | 21 جەمادی یەکەم 1304 |
| --- | --- | --- |

- بابی عالی
تۆماری شارستانی قۆمیسیۆن
عەبدوڵڵا ئەفەندی لە خانەدانی ڕەواندز کوڕی بەکر بەگە.
ساڵی ١٢٥٨ مانگی شەوال لە رواندز لە دایک بووە
لـە مەکتەبـی سـبیان وانـەکانی عـەرەبی و فـارسی و زمـانی تورکـی خوێنـدووە، توانـای نووسـین و خوێندنەوەی لـەم زمانانـە هەیە.
لـە مێـژووی ١٢٨٠ لـە تەمەنی ٢٣ سـاڵیدا لـە دەسـتەی موتەسـەرفی قـەزای رواندز لـە ئەندامێتـی ئەنجومەنی گـەورە دامـەزراوە، لـە سـاڵی ١٢٨٥ مانگـی موحـەررەم رۆژی ٢٠، بـە مووچـەی ٧٥٠ قـوروش لـە ناحیـەی باڵـەک و لـە ساڵی ١٢٨٨ زیلقەعدە رۆژی ٢، بە هەمـان مووچـەی دیـاری کـراو لـە ناحیـەی برادۆسـت و ١٢٩٤ لـە مانگـی شـەعبان رۆژی ١٩ بـە مووچـەی ٩٠٠ قـوروش لـە ناحیـەی دیـرە حەریـر بـە بەرێوەبـەر و سـاڵی ١٢٩٧ مانگـی زیلقەعـدە رۆژی ١٧ بـە مووچـەی ١٢٥٠ قـوروش لـە قـەزای رانیـە وەکـو قائیمقـام و لە سـاڵی ١٣٠٢ مانگـی جەمـادی یەکـەم رۆژی ٢٦ بـە مووچـەی ١٧٥٠ قوروش گواسـتراوەتەوە بـۆ قائیمقامیەتی قـەزای هەولێر
لـەم خزمەتانـەی کـە ئامـاژەی پێکـرا لـە گواسـتنەوە و رادەسـتکردن و بەرزکردنـەوەی پلـە دوای واز هێنان لە کاتی کارکردنیـدا نەچۆتـە دادگا و تاوانبـار نەکـراوە، لـە سـەنجاقی شـارەزوور کـە موتەسـەرف لـەو تێبینیـەی نووسـیویەتی، لەلایـەن ئەفەنـدی و والی موسـڵ تەحسـین پاشا خوێندراوەتـەوە و پشـت راسـت کراوەتەوە.
لـە ناحیـەکانی باڵـەک و برادۆسـت و دیـر حەریـر وەکـو بەرێوەبـەر لـە قـەزای رانیـە وەکـو قائیمقـام ئـەو ماوەیـە هیـچ هەڵەیەکـی نەبـووە، ئەنجومـەنی کارگێـری ئـەو ناوچانـە و ئەنجومـەنی کارگێـری روانـدز و ئەنجومـەنی کارگێـری قـەزای رانیـە، ئـەو چـوار نـووسراوە ٣١ کانـوونی یەکـەم ١٢٨٧ و ١٣ ئۆغسـتۆس ١٢٩٣ و ١٥ تشرینـی یەکـەم ١٢٩٦ و ٢٦ مـارت ١٣٠١ هاتۆتـە ئەنجومـەنی کارگێـری قـەزای هەولێـر لەگـەڵ وێنـەی رەسـەنی تۆمـاری گشـتی، هاوشـێوەن، لـە ١٦ زیلحیجـە سـاڵی ١٣٠٣ و ٣ ئەیلـوول سـاڵی ١٣٠٢.

- بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
لـە کارگێـری ناوەخـۆی قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبـەر نوسراو کراوە، لە سـەنجەقی شـارەزوور، قائیمقامی قـەزای هەولێـر رەشـید ئەفەنـدی کۆچـی دوای کـردووە، لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی رانیـە عەبدوڵـڵا، بـۆ قائیمقامـی رانیـەش محەمـەد قائیمقامـی عەقـرە، بـۆ عەقـرەش قائیمقامـی زاخـۆ تاهـر، بـۆ قائیمقامـی زاخـۆ و سـنجار مسـتەفا و سـنجاریش قائیمقامی بازیان سـدقی ئەفەنـدی بگوازرێنـەوە و دابمەزرێـن. لە ٢١ جەمـادی یەکـەم ١٣٠٤ و ٢ شـوبات ١٣٠٢.
باش کاتیبی و ئەندام محەمەد داود
ئەندام ئیبراهیم سەید ڕەفعەت کوڕی حەسەن
ئەندام سەرویجن
ئەندام ئیسماعیل غالب کوڕی ئەدهەم
ئەندام محەمەد ئەمین
ئەندام رزا
سەرۆکی قۆمیسۆنی یەکێتی فەرمانبەران ئیسماعیل سەید کوڕی سەید کوڕی عەلی سەید یاوەر








هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>1375.64</td><td>6 سەفەر 1304</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەدارەت پەناهی<br>٦ سەفەر ١٣٠٤<br>٢٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٢<br>لـە سـەنجەقی زۆر قائیمقامی قـەزای هەولێـر رەشـید ئەفەنـدی مـردووە، لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی رانیـە عەبدوڵـڵا و بـۆ رانیـەش قائیمقامی عەقرە محەمـەد و بـۆ عەقـرەش قائیمقامـی زاخـۆ تاهیـر و بـۆ زاخـۆش قائیمقامـی سـەنجار مسـتەفا، هەروەهـا لە شـوێن ئەویـش قائیمقامی بازیان سـدقی ئەفەنـدی بگوازرێنەوە و بگۆردرێـن، داواکـراوەش جـەدی بـەگ بـۆ قائیمقامـی بازیـان دابمەزرێت.</td></tr>
</table>



هەوالنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1410.68 | 12 ڕەجەب 1304 |

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٢ ڕەجەب ١٣٠٤
٢٥ مارت ١٣٠٣

لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـەنجەقی شـارەزوور قائیمقامـی قـەزای هەولێـر ڕەشـید ئەفەنـدی مـردووە، لـە شـوێن ئـەو قائیمقامی ڕانیـە عەبدوڵڵا هەروەهـا بـۆ ڕانیـە قائیمقامـی عەقـرە محەمـەد و بـۆ عەقـرەش قائیمقامـی زاخـۆ تاهیـر و بـۆ زاخـۆش قائمیقامـی سـەنجار مسـتەفا و هەرچـی بۆ سـنجار قائیمقامـی بازیان سـدقی ئەفەنـدی گواسـتنەوە و گۆڕینەوەیـان پـێ بکرێـت، هەرچـی بـۆ قائیمقامیـەتی بازیانـە لـە پلـە سـێیە و بەڕێوەبـەری پێشـووی پاشـای کەنـار دەریـا عومـەر مسـتەفا ئەفەنـدی لـە بـارەی دامەزراندنیـەوە، بڕیـاری قۆمیسـیۆن و ڕەزامەنـدی سـەدارەتپەناهی لەسـەر دراوە، هەروەهـا قائیمقامیەتـەکانی قـەزاکانی هەولێـر و زاخـۆ و سـنجار و بازیـان مانگانـە ١٧٠٥ قـوروش مووچـەی مانگانەیەتیـان و هەرچی قـەزاکانی ڕانیـە و عەقرە ١٢٠٥ قـوروش مووچـەی مانگانەیەتیـان، لەگـەڵ دەسـت بەکاربوونیـان مووچەکانیـان بـۆ خـەرج دەکرێـت، هەرچـی بڕیارنامـەی خانەنشـینە ئـەوا عەبدوڵڵا ئەفەندی ئـەو مووچەیەی هەیەتی کـە ٥٠٠ قوروشـە نیوەی مووچەکـەی بـۆ سـندوقی خانەنشـینی دەڕوات، لوتفـی ئەفەندیـش لەبـەر بـوونی خەرجـی ڕێـگا ٣١٦٠٢ قـوروش لـە پـارەی ویلایـەت ڕێـک دەخرێـت و دەخرێتـە نـاو خشـتەی خەرجـی و ناوبـراو قائیمقامیـەتی قـەزای سـنجار مسـتەفا ئەفەنـدی لـە مێـژووی ناوبـراو ڕۆیشـتنی لـە نـەزارەتی ژمێریاریـە.



| 6 جةمادی كۆتايي 1305 | 2.62.1 | Y.PRK.DH. |
|---|---|---|
| تەیار پاشا بۆ موتەسەرفی قەزای مونتەفیک باش نییە و گونجاو نییە، ماوەی ٣٠-٣٥ ساڵە مەهدی ئەفەندی کە قائیمقامی هەولێر و کەربەلا بووە، خزمەتی باشی کردووە و هیچ گرفتێکی نەبووە، ئەگەر بکرێت ناوبراو بکرێتە موتەسەرفی سەنجەقی مونتەفیک، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٦ جەمادی کۆتایی ١٣٠٥ و ٦ شوبات ١٣٠٣. | | |



هەوالنامەی کتێب


| MF.MKT. | 98.7 | 1 سەفەر 1305 |
|---|---|---|

لـە مەرکـەزی ویلایـەت مامۆسـتای پلـە یـەک لـە مەکتـەبی روشـدیە ئیبراهیـم حەقـی ئەفەنـدی لـە ئەنجوومەنەکەمـان بـە بـڕی ٨٠٠ قـوروش مووچـە لـە سـاڵی ٩٥ لـە مەکتـەبی ناوبـراو وەکـو مامۆسـتا بـە پلە یـەک بـە بڕیـاری نـەزارەتی مەعـارف دامـەزراوە، کەچـی لـە سـاڵی ٩٦ لـە کاتی پێداچوونـەوە مووچەکـەی بـۆ ٦٤٠ قـوروش کـەم بۆتـەوە، هەروەهـا لـەم یـەک دوو سـاڵەی دوایـیـەدا بەهـۆی گـرانی تـووشی تەنگانـە و کێشـە بـووە، لەبـەر ئـەوەی ناوبـراو وانـەی زانسـت و زانیـاری بـە نـەوەی ئـەم وڵاتـە دەڵێتـەوە، هەروەهـا پیشـەکەی وەکـو عیبـادەت وایـە، پێویسـتە مامۆسـتای مەکتەبـەکان لـە رووی دەروونیـەوە ئاسـوود بـن و بـێ کێشـە بـن، هەروەهـا لـەم شـوێن و ناوچـە دوورانـە، مووچـەی مامۆسـتای روشـدیە بـە تـەواوەتی ٨٠٠ قوروشـە، تەنانـەت قەسـەبەی هەولێـر بـە قـەت گەرەکـی موسـڵ دەبێـت، کـە مامۆسـتای پلـە یەکـی ناوبـراو لـە مەکتـەبی روشـدیە لـە کاتی دامەزراندنەکـەی مووچـەی ٧٥٠ قـوروشی بۆ دابیـن کراوە، دانیشـتوانی مەرکـەزی ویلایـەت نزیکـەی ٣٤ هـەزار دەبێـت، بۆیـە یەکسـانی تێـدا نییـە، بـڕی ٦٤٠ قـوروش مووچـە بـۆ مامۆسـتای پلـە یەکـی مەکتـەبی روشـدیە ببرێتـەوە، هەرچـەنـدە لـە رووی بژێـوی ژیانیـەوە تـووشی کێشـە و تەنگانـە بـووە، هـەردەم بیـر و مێشـکی لـەلای دابینکـردنی بژێـوی ژیانیـشی نەبێـت، ئـەوا لـە رووی پیشـەوە پیشـەکەی گرنگـە، ئەوانـەی وەکـو ئـەون مووچەیـان ٨٠٠ قوروشـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـەزارەتی مەعـارفی جەلیلـە ئـاگادار کراوەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەش ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ١ سـەفەر ١٣٠٥ و ٧ تشرینـی یەکـەم ١٣٠٣.




| | | |
|---|---|---|
| Y.PRK.DH. | 2.62.1 | 6 جەمادی کۆتایی 1305 |

تەلەگراف نامە
لـە ٢١ کانـوونی یەکـەم ١٣٠٥ی بەرەبەیـان، حەسـەن ئەفەنـدی لـە موسـڵ، حاجـی مسـتەفا ئەفەنـدی لـە کەرکـووک، عـەلی بـەگ لـە سـلێمانییە، ئەحمـەد ئاغـا لـە هەولێـر، ئەحمـەد ئەفەنـدی لـە رواندز، عەبدوڵـڵا ئاغـا لـە کـۆی سـەنجاق، حاجـی محەمـەد شـەریف لـە عەقـرە، سـەید حەسـەن ئاغـا لـە سـەلاَحییە، ئەوانـە لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی بوونیـان هەیـە، نمایـش کـرا لـە ٢٣ کانـوونی یەکـەم ١٣٠٥.
والی موسڵ تاهیر



هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 1489.25 | 13 جەمادی کۆتایی 1305 |
|---|---|---|
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>١٣ جەمادی کۆتایی ١٣٠٥<br>١٢ شوبات ١٣٠٣<br>دانیشتووی هەولێر سلێمان ئاغا لە بەرامبەر سەرباز بە ناوی کەریم چەکی نیشان داوە، لەبەر ئەوە لە دیوانی جەنگی ناوەخۆ ئەو سزایەی کە پێی دراوە، گونجاوە. | | |



| Y.PRK.DH. | 3.19 | 29 زیلقەعدە 1306 |
|---|---|---|
| ژمارە ٣٨٧<br>لە موسڵ بۆ نەزارەتی تەندروستی دەرسەعادەت<br>لـە موسـڵەوە بـۆ نـەزارەتی تەندروسـتی دەرسـەعادەت ئـەو پزیشـکە سـەربازییەی رەوانی هەولێـر کـراوە، دەسـتی بـە کارەکانی کـردووە و لـە لێکۆڵینـەوەکانی دەسـت بـە کار بـووە، لـە ٢٩ زیلقەعـدە ١٣٠٦. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| Y. PRK. ASK. | 62.7 | 27 حوزەیران 1306 |
|---|---|---|

- لە نەزارەتی تەندروستییەوە وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیە کە هاتووە
ئـەم ئێوارەیـە پزیشـک عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی گەیشـتۆتە هەولێر، هـەر چەنـدە راپۆرتەکـەشی هاتـووە، بـەڵام بـە پێـی ئـەو تەلەگرافنامەیـەی لە قائیمقامـی هەولێر بە دەسـتمان گەیشـتووە، دوێنێ ئێـوارە کاتژمێر ١٢ تـا ئەمـرۆ ئێـوارە کاتژمێـر ٢، بـە ژمـارە ٤٧ کـەس تـووشی کۆلێـرا بوونـە، لەوانـە ٢١ لەگـەڵ ئەوانـەی لـە رابـردوو تـووشی بـوون ٦ کـەس بـوون، بـە کۆکردنەوەیـان ٢٧ کـەس مـردوون، ٢٧ حوزەیـران ١٣٠٦.
والی موسڵ تاهیر


- وێنەی تەلەگرافی سەر عەسکەر
تـا ئێـوارەی رۆژی ٢٨ حوزەیـران لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـر لـە هەولێـر ٩ تووشـبوو، لەوانـە ٣ و لـە تووشـبووانی کۆنیـش ٨ دوای کۆکردنـەوە ١١ مـردوو هەیـە، لـە ٣٠ حوزەیـران ١٣٠٦.
موشیر تۆفیق

- وێنەی ئەو تەلەگرافەیە کە بۆ سەرۆکایەتی تەندروستی سەربازی نێردراوە
لـە هەولێـر ئـەم مانگـە بـە رومـی لـە رۆژی ٢٤ تـا ٢٩ رۆژی هەینـی تـا ئێـوارەی ئـەم رۆژە ١٠٧ کـەس تووشـبووە و ٧٣ تووشـبوو مـردوون، لـە هەولێـر پزیشـک عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی لەوێیە، ئەمـەش بە پێی ئـەو تەلەگرافەیـە کـە ناوبـراو ناردوویـەتی ٣٠ حوزەیـران ١٣٠٦.
سەرۆکی پزیشک ئیبراهیم

- دوێنـێ لـە هەولێـر ٤٧ تووشـبوو ٢٠ مـردوو تۆمارکـراوە، ئەمـەش لـە بەغـداد بـۆ سـەرۆکی بەرێوەبـەر نێـردراوە، ٢٨ حوزەیـران ١٣٠٦.




تلغرافنامه




تلغرافنامه

هەواڵنامەی کتێب


هەولێرنامەی کتێب

| .ŞD | 888.18 | 4 موحەڕڕەم 1306 |
|---|---|---|


فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەر
ژمارە ٢٧٠٩
لـە ویلایـەتی بەغـداد لـە تەلەگـراف خانـەی هەولێـر، لەلایـەن ئەحمـەد ئاغـا سـەبارەت بە خانەنشـین کردنی داواکاری نێردراوەتـە نـەزارەتی تەلەگـراف و پۆسـتە لەگـەڵ داواکاریەکـەی خشـتەی ماوەی خزمـەت و لەگەڵ هەواڵـدان بـە نـەزارەتی پزیشـکی لەگـەڵ ئەوانـەش کاغـەزەکانی لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە، هـەر هەمـووی ووردبینـی بـۆ کـراوە.
ناوبـراو بـە مێـژوو چەنـد مووچـەی وەرگرتـووە و مـاوەی خزمـەتی کـە ٢٤ سـاڵە، لەلایـەن نـەزارەتی پزیشـکی پشتراسـت کراوەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەش ئەوەنـدە ناچـار نییـە خانەنشـین بێـت، هەروەهـا بـە مـاددەی ٣٠ خانەنشـین نامـە بـە مووچەکـەی سـێیەکی واتـە ٤٧ قـوروش خانەنشـین دەکرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٤ موحـەڕڕەم ١٣٠٦ و ٢٠ ئۆغسـتۆس ١٣٠٤.


یلدیز سرای همایون
باش کتابت دائرەسی

İ.DH 1097/86031

هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 1097.86031 | 3 موحەررەم 1306 |
| --- | --- | --- |
| قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا بەگ پلەی میری میرانی پێدراوە، ساڵی ٣ موحەررەم ١٣٠٦. | | |


یلدز سرای همایونی

باش کتابت دائرەسی


معروضه چاکر کمینه‌لریدرکه دردنجی رتبه‌دن نشان عالی عثمانی اعطاسی شرفصادر اولان ارادۀ سنیه
موصل ولایتی داخلنده کائن اربیل قضاسی قائممقامی عبدالله پاشایه
حضرت خلافتپناهی اقتضای عالیسنه بولنمه اوجهله اوبابده امر و فرمان حضرت ولی الامرکدر ۱۶ رمضان ۳۰۶ و ۲۳ نیسان ۳۰۶

کاتب سر حضرت شهریاری
ثریا

İ. DH 1178/92118

| 16 رەمەزان 1306 | 01178.092118 | I.DH. |
| --- | --- | --- |

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
لە ویلایەتی موسڵ لە قەزای هەولێر قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە پلەی چوار نیشانی عوسمانی پێدراوە، ساڵی ١٦ رەمەزان ١٣٠٦ و ٢٣ نیسان ١٣٠٦.



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH. MKT. | 1558.101 | 22 سەفەر 1306 |

بۆ عەبدولقادر کەمال پاشا موتەسەرفی سەرفیجە
٢٢ سەفەر ١٣٠٦
١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٤
لە شارەزوور بۆ سەرفیجە خەرجی رێگای هاتووچۆ لە پارەی قەزای هەولێر وەرگیراوە، کە ٢١٧٠٧ قوروش و نیو بووە، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگراف نامە بۆ نەزارەتی ژمێریاری کراوە، ئەو خەرجی رێگا دیاری کراوە، بە پێی یاسا ١٨٩٣٠ قوروش خەرج کراوە، لە ئەنجام ٢٧٧٧ قوروش و نیو ماوەتەوە، بری ئەو پارەیەش لە ژمێریاری نووسراوە.



هەواڵنامەی کتێب


| DH. MKT. | 1588.84 | 26 جەمادی یەکەم 1306 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی ناوەخۆ<br>تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ<br>هـەواڵ هاتـووە لـە ١٣ کانـوونی یەکـەم ١٣٠٤ ئـەو هەمەوەندانـەی رایانکـردووە، روویـان کردۆتـە قـەزای هەولێـر، هیوادارـین هەمەوەنـدەکان دەسـتگیر بکریـن و رەوانـە شـوێنەکانیان بکرێـن.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ | | |



هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .Y.PRK.DH | 3.80 | 14 زیلحیجە 1307 |

بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٥٨
بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابەت)
لە ماردین لە مانگی تەمموز رۆژی ١٤، لە ژمارەی تووشبووان هەشت کەس کۆچی دواییان کردووە، هەروەها لە رۆژی ١٥، یەک تووشبوو یەک مردوو هەیە، لە رۆژی ١٦، دوو تووشبوو، هەروەها لە رۆژی ١٧، هەشت تووشبوو سێ مردووە، دیاربەکریش سوپاس بۆ خوا، لە قەسەبەی هەولێریش چەند رۆژێکە هیچ شوێنەواری ئەم نەخۆشییە دیار نییە، لە هەندێک گوند نەبێت، هەم لەوێش کاری باش کراوە و لە رووی تەندروستییەوە ئامادەکاری پێویست کراوە، ١٤ زیلحیجە ١٣٠٧ و ١٩ تەمموز ١٣٠٦.
نازری کاروباری ناوەخۆ


هەواڵنامەی کتێب

| .DH. ŞFR | 149.63 | 16 نیسان 1307 |
|---|---|---|


تەلەگراف نامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە ١٣ نیسـان ١٣٠٧ بەهـۆی رەفتـاری نابەجێـی شـوێنەکەی بەجـێ هێشـتووە، بـە پێـی دەسـتەی تایبـەت (هیئـە مخصوصـە) روون کراوەتـەوە ٩ نەفـەر بـۆ مەرکـەزی ویلایـەت هێـنراون و دەسـت بەسـەر کـراون، بە پێـی سـەرقاڵ بوونیـان بـە لێکۆڵینـەوە، ئەنجامەکـەی بـە شـێوەیەکی تـر دەرکەوتـووە، هەروەها ئاسـایشی و ئارامـی هەولێـر تـەواوە، ١٦ نیسـان ١٣٠٧.
والی موسڵ تاهیر




هەولێرنامەی کتێب

| I.DH. | 01265.099456 | 28 تشرینی یەکەم 1307 |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆ
یەکێکە لە چەتە ناودارەکان ماوەی حەوت هەشت ساڵ دەبێ لە دەوروبەری ویلایەت ئاسایشی ناوچەکەی تێک داوە و تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات، نزیکەی ١٠ کەسی کوشتووە، بۆ دەستگیرکردنی ژاندارمە چاودێری دەکەن، لە سەنجەقی شارەزووری جێ هێشتوە و چۆتە چیاکانی ڕەواندوز لەوێ خۆی حەشارداوە، هیچی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتووە، لە چاودێری کردن بەردەوامن، دواتر لەلایەن وەلەد ئەفەندی بە ڕێکەوت ماوەیەک شەڕی کردووە، دواتر لەگەڵ کچێک رایکردووە و دەستگیرکراوە، ئەو یوز باشییە ٢٥٠٠ قوروشی دابەشی سەر کەسەکان کردووە، هەروەها یوز باشی بە پلەی پێنج نیشانی مەجیدی بۆ پلەی چوار بەرز کراوەتەوە، ساڵی ٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٠٧.
والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب


| .DH. MKT | 1744.125 | 5 زیلحیجه 1307 |
| --- | --- | --- |

نووسراوی هومایۆنی تەندروستی و پزیشکی
٥ زیلحیجه ١٣٠٧
١٠ تەمموز ١٣٠٦
لـە قـەزای هەولێـر لـە تەممـوزی رۆژی ٧ ئێوارەکـەی کاتژمێـر ١٢ تـا رۆژی ٨ ئێوارەکـەی کاتژمێـر ١٢، لـە مـاوەی یـەک رۆژ تووشـبوو مـردوو نەبـووە، لـە موسـڵ و جەزیـرەش لـە مانگـی ناوبـراو لـە رۆژی ٧، سـێ تووشـبوو یـەک مـردوو تۆمـار کـراوە، بـەڵام لـە رۆژی ٨، تووشـبوو و مـردوو نەبـووە، لـە ديارەبەکريـش بە پێی ئـەو تەلەگرافنامانـەی وەرگیـراوە، نـەزارەتی پزیشـکی و تەندروسـتی ئاگادارکراونەتـەوە و زانیارییـان پـێ دراوە.




| .DH. MKT | 1745.98 | 6 زیلحیجە 1307 |
|---|---|---|

بۆ باش کاتیبی جەلیلە لە نەزارەتی تەندروستی و پزیشکی
٦ زیلحیجە ١٣٠٧
١١ تەمموز ١٣٠٦
لـە تەممـوز رۆژی ٩ یـەم تـا ئێوارەکـەی لـە هەولێـر یـەک رۆژ تووشـبوو و مـردوو نەبـووە، لـە موسـڵ و شـاری ناوبـراودا لـە سـەرەتای مانـگ تـا ٧تـەم رۆژ لـە قـەزای ئـاردە پانـزە کـەس تووشـبوو سـێی مـردووە، لە پێنـج گونـدی تـر تـازە ئـەو نەخۆشـیە سـەری هەڵـداوە، لـە قـەزای بەروارییش لـە گوندی سـاتوە بە شـەوێک و رۆژێـک بـە گومـانی بـوونی ئـەو نەخۆشـیە سـێ پیـاو مـردووە، بـەم دواییـە هیـچ شـتێکی تـر روویـنـەداوە، رێـگا و شـوێنی گونجـاو گیراوەتـە بـەر، ئـەو تەلەگرافنامانـەی کـە لـە ویلایـەتی بەتلیـس هاتووە کە پزیشـک بـۆ ئـەم شـوێنانە بنێردرێـت و کاری پێویسـت بکرێـت، بۆ ئەم مەبەسـتە سـەر عەسـکەر ئـاگادار کراوەتەوە، هەروەهـا نێـردراوە تـا بزانرێـت پێویسـتیان بـە چەند پزیشـکە و چەنـد کەلوپەلی پزیشـکیان پێویسـتە، هەر وەڵامیـش وەرگیـرا خێـرا نـەزارەتی تەندروسـتی و پزیشـکی لـێ ئـاگادار دەکەینەوە.




| 7 زیلحیجه 1307 | 1745.110 | DH. MKT. |
| --- | --- | --- |

بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابەت) لە نەزارەتی تەندروستی و پزیشکی
٧ زیلحیجه ١٣٠٧
١٢ تەمموز ١٣٠٦
میهرەبانی بۆ ئەوە، لەم مانگە ٩هەمین ڕۆژ تا ڕۆژی ١١، لە جەزیرە تووشبوو و مردوو نەبووە، لە ماردینیش لە ڕۆژی ٩هەم تا ١١، حەوت تووشبوو و چوار مردوو هەبووە، لە دیاربەکر لەم مانگە لە ڕۆژی ١٠هەم لەناو قەزای هەولێریش یەک ڕۆژ مردوو و تووشبوو نەبووە، تەنیا لە قەزای ناوبراو لە هەندێک گوند نەخۆشییەکە سەری هەڵداوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکاری بۆ کراوە، لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی بۆ کراوە و لەوێشەوە زانیاری بۆ نەزارەتی تەندروستی پزیشکی نێردراوە.



| 17 زیلحیجە 1307 | 1747.89 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابت) لە نەزارەتی تەندروستی و پزیشکی
١٧ زیلحیجە ١٣٠٧
٢٢ تەمموز ١٣٠٦
لـەم مانگـە لـە رۆژی ٢٠ لـە ماردیـن شـەش تووشـبوو سـێ مـردوو، هەروەهـا لـە هەمـان مێـژوو لـە جەزیرە تووشـبوو و مـردوو نەبـووە، لـە دیاربەکریـش لـە مـاوەی ١٥ رۆژ لـە قەسـەبەی هەولێر هیچ شـتێک نەبووە، تەنیـا لـە چەنـد گوندێـک کـە سـەر بـەم قەسـەبەیە لـە مـاوەی ٥ رۆژدا ئـەو نەخۆشـیە شـوێنەواری نەمـاوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لە ویلایـەتی موسـڵ زانیاری بـۆ نـەزارەتی تەندروسـتی نێـردراوە.


مجلس وکلا مذاکراتنه مخصوص ضبط ورقه‌سیدر
حاضر بولنان ذوات فخامت آیاتی

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| MV. | 64.73 | 18 شەوال 1308 |

١٨ شوال ١٣٠٨

پۆختەی دارایی

لـە زانـاکان کوچـک ئاغـازادە حاجـی عومـەر ئەفەنـدی دانیشـتووی هەولێـر و لـە کـۆی سـانجەق حاجـی عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی، لـە بەغـداد و موسـڵ و بـەسرە و کوردسـتانی ئێـران خۆیـان تەرخـان کـردووە بـۆ وانـە ووتنـەوە، بـۆ گوزەرانـدنی خێزانەکانیـان دووچـاری نەهامـەتی بوونەتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە مووچەیەکـی دیـاری کراویـان بـۆ ببڕێتـەوە، لـە ویلایـەتی موسـڵ راپـۆرت هاتـووە.

بڕیارەکە

بەهـۆی وانـە وتنەوەیـان لـە بەشـەکانی کوردسـتانی ئێـران و گەشـت کردنیـان لـە ناوچـەکان، پێویسـتییان بـە پارەیـە بـۆ گوزەرانـدنی ژیانیـان، لەبـەر ئـەوە بڕیـار درا بـۆ هـەر یەکەیـان ١٠٠٠ قـوروش مووچـە دابیـن بکرێـت.




| | | |
|---|---|---|
| 1308 16 تشرینی دووەم | 000113.008431 | BEO. |


١٦ تشرینی دووەم ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵ
ئەحمەد بایز و ١٦ کەس لە هاورێکانی لە مەرکەزی هەولێر ئەو تەلەگرافنامەیەی کە ناردوویانە، پێویستە دانەیەکی بهێنرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە لێی تێناگەن.



هەواڵنامەی کتێب

| .I. MMS | 121.5191 | 22 شەوال 1308 |
|---|---|---|


بابی عالی
ئەنجوومەنی تایبەت
بۆ سەدارەتپەناهی
٥ موحەررەم ١٣٠٨
٩ ئۆغستۆس ١٣٠٦
لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی شارەزوور یەکێک لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی بەهۆی خزمەتەکانی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی بۆ پلەی سێ، رێزی لێگراوە و لە ویلایەتی موسڵ نووسراو هاتووە، لەوێشەوە بۆ سەدارەتپەناهی نێردراوە، داواکراوە جێبەجێ بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 1753.92 | 5 موحەررەم 1308 |


بۆ سەدارەتپەناهی
٥ موحەررەم ١٣٠٨
٩ ئۆغستۆس ١٣٠٦
لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی شارەزوور یەکێک لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی بەهۆی خزمەتەکانی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی بۆ پلەی سێ ڕێزی لێگراوە و لە ویلایەتی موسڵ نووسراو هاتووە، لەوێشەوە بۆ سەدارەتپەناهی نێردراوە، داواکراوە جێبەجێ بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| .DH.MKT | 1774.91 | 9 ڕەبیعی یەکەم 1308 |
|---|---|---|


بۆ ویلایەتی وسڵ
٩ ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٨
١١ تشرینی یەکەم ١٣٠٦
لـە نـاو قـەزای هەولێـر بـە نـاوی دزەیـی ناوەکـەی تـرِی قوشـتەپە، بەڕێوەبـەری ناحیەکـە سـەید عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ناحیـەی سـوڵتانیە محەمـەد ئاغا، فەرمانەکـە هاتـووە کـە شـوێنەکەیان بگۆردرێتـەوە، بـەڵام بەڕێوەبـەری ناحیـەی سـوڵتانییە بـە تۆمـار لەسـەر سـادق ئەفەندیـە، بۆیـە پێویسـتە سـەیر بکرێـت سـادق ئەفەنـدی کـەی و بـە چ هۆکارێـک لـە شـوێنەکەی دوورخراوەتـەوە، هەروەهـا پێویسـتە لـە قۆمیسـیۆن بـە نـووسراو ئـاگادار بکرێینـەوە ئاخـۆ ناوبـراوان سـەید عەبدولرەحمان و محەمـەد ئاغـا لـە قۆمیسـیۆن هەڵبژێـردراون وەکـو بەڕێوەبـەر یاخـود نـا.



هەواڵنامەی کتێب


| DH. MKT. | 1775.81 | 13 ڕەبیعی یەکەم 1308 |
| --- | --- | --- |

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٨
١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٦
لـە کاتی چـوونی بـۆ سـەر ئەرکەکـەی لەلایـەن چەتـەی هەمەوەنـد بـە بـری ٤٠ هـەزار پـارە و کەلوپەلیـان لـێ دزیـوە و بەتـاڵان بردوویانـە، خـۆشی بـە ٢٢ ئەندامـی خێزانەکـەی تـووشی تەنگانـە و پەرێشـانی بژێـوی ژیانیـان بوونەتـەوە، بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشـەیە لەلایـەن نائیبـی قـەزای هەولێـر ئەحمـەد ئەفەنـدی بـە تەلەگرافنامـە شـێخەکانی کەرکـوک ئاگادارکراوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی پـارە و کولوپەلـەکان بـۆ خاوەنەکـەی بگەڕێندرێتـەوە.



هەولێرنامەی کتێب


| .DH.MKT | 1790.133 | 27 ڕەبیعی کۆتایی 1308 |
| --- | --- | --- |
| بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەکتەبی دارولشەفەقە<br>٢٧ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٨<br>٢٨ تشرینی دووەم ١٣٠٦<br>هـاووڵاتی قـەزای هەولێـر عەبدولعەزیـز، کوڕەکـەی بـە نـاوی یونـس منداڵەکـەی بەنـاوی ماهـی بێکەسـە و لەبـەر نەبـوونی وەکـو هەتیـوەکانی تـر لـە داڕولشـەفەقە وەربگیرێـت، بۆ ئـەم مەبەسـتە دوو پارچە نـووسراو لـە ویلایـەتی موسـڵ وەرگیـراوە تـا لـە مەکتـەبی دارولشـەفەقە وەربگیرێـت، لـە مێـژووی ٢٩ مایـس ١٣٠٦ بـۆ ئێوەمـان نـاردووە تـا جێبەجـێ بکرێـت.. بـەڵام تـا ئێسـتا وەرنەگیـراوە، بەهـەر مەبەسـتێک بێـت بەپێـی داواکاری پێشـوو جێبەجـێ بکرێـت. | | |



هەولێرنامەی کتێب

| DH.MKT. | 1800.36 | 6 جەمادی کۆتایی 1308 |
|---|---|---|


بۆ ویلایەتی موسڵ
٦ جەمادی کۆتایی ١٣٠٨
٥ کانوونی دووەم ١٣٠٦
لە کاتی چوونی بۆ سەر کارەکەی لەلایەن چەتەی هەمەوەند کەلوپەل و پارەی تاڵان کراوە، لەبەر ئەوە تووشی پەرێشانی بووە، بۆ ئەم مەبەستە نائیبی قەزای هەولێر سەید ئەحمەد ئەفەندی نووسراوی ناردووە تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەنرێت.



| 25 جەمادی کۆتایی 1308 | 1806.2 | DH. MKT. |
| --- | --- | --- |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٥ جەمادی کۆتایی ١٣٠٨
٢٤ کانوونی دووەم ١٣٠٦


بـۆ موتەسـەرفی سـلێمانییە، عـەلی رزا ئەفەنـدی دامـەزراوە، تـا دەگاتـە شـوێنی کارەکـەی ئـەو ماوەیـە لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵـڵا پاشـا بـە وەکالـەت دادەمەزرێـت و بانـگ دەکرێـت، هەروەهـا مووچەکـەش، لەلایـەن ناوبـراوەوە وەردەگیرێـت، بـەڵام لـە بـارەی خەرجـی رێـگا ئـەوا بـە پێـی نـووسراو کـە بـە رێگـەی تەلەگـراف هاتـووە، بـۆ نـەزارەتی ژمێریـاری نێـردراوە، بـە پێـی بریـار نامـە ئـەو فەرمانبـەرە ئـەو ماوەیـەی کـە بـە وەکالـەت لـە شـوێن کەسـێکی تـر کار دەکات، تەنیـا مووچـەی موتەسـەرفی وەردەگرێـت و هیـچ شـتێکی تـری نادرێتـێ.


هەوالنامەی کتێب

| 3 رەمەزان 1308 | 1827.112 | .DH. MKT |
| --- | --- | --- |


بۆ ویلایەتی موسڵ
٣ رەمەزان ١٣٠٨
٣١ مارت ١٣٠٧

لـە کاتی چوونـە سـەر کارەکـەی تـووشی چەتـەکانی هەمەوەنـد بۆتـەوە و ٤٠٠٠٠ قـوروش و کەلوپـەلی دزراوە، خـۆشی ٢٢ ئەندامـی خێزانێکـن تـووشی پەرێشـانی و ناخـۆشی بژێـوی ژیـان بۆتـەوە، بـە نیـازی باشـتر کـردنی بارودۆخـی، نائیبـی قـەزای هەولێـر ئەحمـەد ئەفەنـدی بـە تەلەگـراف ناردوویـەتی داوای لـە شـێخەکانی کەرکـووک کـردووە، کـە دوای ئـەوەی لێکۆڵینـەوە کـراوە و تاوانبـاران دەسـتگیر کـراون، داوای کـردووە کەلوپەلـەکانی بـۆ بگەڕێندرێتـەوە، ئەمـەش بـە پێی نـوسراوی ١٥ تشرینـی یەکـەم ١٣٠٦. بەڵام لەبـەر ئەوەی هێشـتا کەلوپەلـەکان دەسـتی بەسـەردانەگیراوە، ئەمجـارە نائیبی ناوبـراو نووسراوی بۆ شـێخەکان نـاردووە و داوای چارەسـەرکردنی بارودۆخەکـەی کـردووە.



هەولێرنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>1841.78</td><td>6 زیلقەعدە 1308</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٦ زیلقەعدە ١٣٠٨<br>١ حوزەیران ١٣٠٧<br>لـە هەولێـر سـەر بـە ویلایـەتی ناوبرا کوچـک ئاغـازادە حاجـی عومـەر ئەفەنـدی سـەرقاڵی ووتنـەوەی زانسـتە، لەگـەڵ حاجـی عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی لـە کـوێ سـەنجاق نیشـتەجێیە، لەبـەر تەنگانە و پێویسـتیان لە خەزینـەی جەلیلـە بـۆ هـەر یەکەیان، مووچـەی ١٠٠٠ قوروشـیان بـۆ دابین بکرێـت، بە بریـاری ئەنجوومەنی تایبـەت دوای وەرگرتنـی مۆڵـەت نێردراوەتـە نـەزارەتی دارایـی.</td></tr>
</table>





| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000035.002581 | 23 زیلحیجه 1309 |


- ٢٣ زیلحیجه ١٣٠٩
٥ تەمموز ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵ و نەزارەتی پزیشکی
لە سەنجەقی شارەزوور قەزای هەولێر کەسێک بە ناوی جبرائیل خەڵکی گوندی قوشتەپەیە، بە قسە بەردەوام لە مەمکەکانی شیر هەیە، تەنانەت شیر دەداتە منداڵەکانی، ئەمڕۆش تەمەنی گەیشتۆتە ٧٠ ساڵ، هەروەها ناوبراو خاوەنی منداڵێکی زۆرە، پێویستی بە رێز گرتنە، بۆ ئەم مەبەستە بە واژوو و مۆری ئەندامانی قۆمیسیۆنی مولکیەی هومایۆن لە موسڵ، دوو پارچە نامە نێردراوە داوای شتی کردووە، یاخود ئەوەتا مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بەڵام بە فەرمانی پاشا دەبێ ئەو شتە لە رووی پزیشکیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

- بۆ سەدارەتپەناهی
لە قەزای هەولێر سەر بە سەنجەقی شارەزوور کەسێک بە ناوی جبرائیل لە هەردوو مەمکی شیر هەیە و لە کاتی خۆی لە ٥ حوزەیران ١٣٠٨ یەک پارچە داواکاریم پێشکەشی بابی هومایۆن کرد، تاوەکو برێک خەرجی رێگا بۆ ناوبراو خەرج بکرێت، هەروەها مووچەیەکی گونجاو بۆ ماڵ و منداڵەکانی ببڕێتەوە، تاوەکو بتوانێ بچێتە دەرسەعادەت، بەڵام ئەو خەرجی رێگایەی کە دەدرایە ناوبراو دواکەوتووە و دواتر لە کۆتایی شیر لە مەمکەکانی نامێنێت و سوودی نابێت، پێویستە شتێکی ئاوا بێ وێنە بچێتە دەرسەعادەت و پشکنینی بۆ بکرێت، ئەمڕۆ ناوبراو شیر لە مەمکەکانیەتی، بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی بۆ دەرسەعادەت و پشکنین دەربکەوێت شیر لە مەمکەکانی نییە، ئەو کاتە خەرجی رێگا دەکەوێتە ئەستۆی خۆی، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

هەواڵنامەی کتێب





هەواڵنامەی کتێب




| BEO. | 000037.002721 | 26 زیلحیجه 1309 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٢٦ زیلحیجه ١٣٠٩
٨ تەممووز ١٣٠٨

لـە هەولێـر کوچـک ئاغـازادە حاجـی عومـەر ئەفەنـدی خەریکـی بڵاوکردنـەوەی زانسـت و زانیـاری بـوو، دوای مـردنی ئـەو مووچەیـەی کـە مانگانـە ١٠٠٠ قـوروش بـوو وەریدەگـرت، ئێسـتا بـۆ کوڕەکـەی ئەبوبەکـر ئەفەنـدی ببرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە داواکاریـەک داوا لـە ویلایـەتی موسـڵ کـراوە، بـە مەبەسـتی جێبەجـێ کردنیـشی نـووسراو بـە مێـژووی ٢٣ شـەعبان ١٣٠٩ ژمـارە ٤٨ هاتـووە، جگـە لـەوەش ئەبوبەکـر ئەفەنـدی نیشـتەجێی تەکیـەی فاتیمـە خانـە لـە هەولێـر، یـەک رۆژیـش خـۆراک و ئەرکـی نەبـووە، لـە سـەر داواکـردنی خـۆی لـە داهـاتی ئاوقـاف مانگانـە ٥٠٠ قـوروش لـە سـەروو بـۆ نـەزارەتی ئاوقـاف هومایـۆن رۆیشـتووە تـا ئـەو بـرە پارەیـەی بـۆ ببرێتـەوە.




| | | |
|---|---|---|
| .BEO | 38.2830 | 24 زیلحیجە 1309 |

- پێشـەکی لـە سـەر زانیـاری مەسـەلەی کچێـک، ئـەو کەسـانەی تێکەڵـی ئـەو کارە بوونـە، بەهـۆی بـاشی نییەتیان بـۆ ئـەوەی لـەوێ دەریـان بهێنـن، لـە سـەروو هاتـووە قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵـڵا پاشـا لەگـەڵ عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی و ئـەو پۆلیسـانەی لەگەڵیـان بەشـدارن، کـۆی گشـتی ١١٥٠٠ قـوروش وەرگرتـووە، هەروەهـا لـە موازەنـەی ١٣٠٧ ڕێکخـراوە، نـووسراو پێشـکەشی نـەزارەتی ناوەخـۆ کـراوە، لـە ٢٤ زیلحیجـە ١٣٠٩ و ٦ تەممـوز ١٣٠٨.

سەدری ئەعزەم و هاوەڵی ئەکرەم

- نەزارەتی ناوەخۆ و دارایی
٢٩ زیلحیجە ١٣٠٩
١٢ تەمموز ١٣٠٦
لە نەزارەتی دارایی ئاماژەی پێکراوە، لە نەزارەتی ناوەخۆش بۆ جێبەجێ کردن.
قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا و هاورێکانی لە بارەی ئەو پارەیەی پێیان دراوە، هەژمار کراوە.



| ورقه نومروسی | مسودی رسمی | تسویدی تاریخی | | | | | تبییضی تاریخی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٦١ | [illegible] | ٢٩ ذی الحجه [illegible] | داخلیه ومالیه نظارت جلیله‌لرینه | ٢٩ | ٢٩ | | ٣٠ |

[illegible] بالاده محرر [illegible] معروض و [illegible] اولانه [illegible]

موجبجه اجرای ایجابی مالیه نظارت جلیله‌سنه اشعار قلنمه

داخلیه نظارت جلیله‌سنه دخی ایفای مقتضاسنه

همت

[illegible] علاوه پاشا یه رقعه [illegible]

[illegible] مبالغک اجراسی [illegible]


٩٦١ نومرولی [illegible]

[illegible] ١٤ [illegible]

OSMANLI ARŞİVİ
BEO

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
38 2830

هەواڵنامەی هەولێر



| .I.SD | 00115.006894 | 16 رەجەب 1309 |
|---|---|---|


- شورای دەوڵەت
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٤٤


لەبەر ئەوەی لە تەکیەی فاتیمە خان خۆراک و ئەرکی نییە، سەرەتا ١٠٠٠ سەر مەڕی داوەتە ئاوقاف بۆ ئەوەی خۆراکی ئەم تەکیەیە پێ دابین بکات، بۆ ئەو مەڕانەش ساڵانە ٣٠٠٠ قوروشی دەوێت، بەڵام وەرگرتنی پارەکە گرفتی تێکەوتووە، خۆشی هیچ داهاتێکی نییە، بۆیە لە داهاتی ئاوقافدا خۆراکێکی باشی دیاری کراو دابین کراوە. دوای بە دواداچوون لە نەزارەتی دارایی دەرکەوتووە راستە ئەو مەڕانە وەقف کراون، بەڵام لە نەزارەتی دارایی وەڵام هاتووە کە لە قەزای هەولێر لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی شێخ ئەبو بەکر ئەفەندی لە مزگەوتی فاتیمە خان ئیمام و خەتیب و ئەرکەکەی، بۆ خۆراکی دەروێشەکانی زاویەکەی لە رسوماتی ویلایەتی موسڵ ٥٠٠ سەر مەڕی وەقف کردووە، هەر چەندە لە ساڵانی ١١٦٥ و ١١٩٥ وەقف کراوە، لە رێکخستنی خێرخوازی تا مێژووی ١١٧٨ یەک رۆژ لە ئەوانە رسومات وەرنەگیراوە، هەروەها ئەوەی دیاری کراوە ٥٠٠ سەر مەڕ لەلایەن شێخ لە ساڵی رابردوو وەقف کراوە، ئاماژەی پێکراوە کە هەموو ساڵ لە خەزینە رسوماتەکان بێت. لەگەڵ دابین کردنی خۆراک ساڵانەش ٣٠٠٠ قوروش دابین کراوە و نێردراوەتە نەزارەتی ئاوقافی هۆمایۆن و لەوێشەوە نێردراوەتە نەزارەتی دارایی، لە ٢٢ شەعبان ١٣٠٩.

- لە هەولێر تەکیەی فاتیمە خان یەک رۆژ خۆراکی نییە لەبەر هەژاری لەلایەن ئەبوبەکر ئەفەندی لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی داوای خۆراکی دیاری کراوی کردووە بۆ دەروێش و میوانی تەکیەکە، بۆیە لە داهاتی ئاوقاف مانگانە ٥٠٠ قوروش تەرخان کراوە تا خۆراکی پێ دابین بکرێت، لە ١٦ رەجەب ١٣٠٩.

سەدری ئەعزەم


هەواڵنامەی کتێب


دائرۀ صدارت
آمدی دیوان همایون
I.DH 115/6894





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>28 مارت 1309</td><td>000181.13565</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەرۆکایەتی دەستەی لێکۆڵینەوەی موسڵ<br>لە بارەی قائیمقامی رەواندوز عارف حیکمەت ئەفەندی و قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا، لە بابی عالی موسڵ تەلەگرافی مێژووی ١٥ مارت ١٣٠٩ کۆپییەیەکی لەگەڵ پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەکەی بۆ جێبەجێ کردن نێردراوە و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01253.098354</td><td>5 جەمادی یەکەم 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـانجەقی شـارەزوور ئەنجوومـەنی کارگێـری هەولێـر خـضر ئەفەنـدی ئەندامـە بەهـۆی خزمـەت و شایسـتە بوونیـەوە، شـایەنی ئەوەیـە خـەڵات بکرێـت، بۆیـە نـوسراو نێردراوەتـە نـەزارەتی ناوەخـۆی جەلیلـە تاوەکـو پلـەی پێنجەمـی پـێ بدرێت.<br>٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٩ و ٢٥ تشرینی دووەم ١٣٠٧.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>I.DH.</td><td>01273.100101</td><td>19 شەوال 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>لە بنکەی پۆلیس لە سەر مەسەلەی کچێک قسەیان کردووە، لە دەوڵەتی عالی هەندێکی بە ئاسانی گوازتۆتەوە و نیشتەجێی کردوون، لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا و زانای کۆی سەنجاق حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی لە پلەی سێ بۆ هەر یەکە نیشانی مەجیدیان پێدراوە.<br>١٩ شەوال ١٣٠٩ و ٤ مایس ١٣٠٨<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01253.098354 | 5 جەمادی یەکەم 1309 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٥١٨
بۆ سەدارەتپەناهی


لە بنکەی پۆلیس لەسەر مەسەلەی کچێک بە شێوەیەکی جوان قسەیان کردووە و لەوێ دەریان نەهێناون، لە مێژووی ٢١ کانوونی یەکەم ١٣٠٧ ژمارەی ١٨٥٩ بریار دراوە قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا و عەبدوڵلا ئەفەندی هەر یەکەیان ٥٠٠٠ هەروەها هاورێکانیان لە ئەفسەرەکان هەر یەکە ١٥٠٠، بە کۆکراوەیی ١١ هەزار و ٥٠٠ قوروش پێیان دراوە.
٤ زیلحیجە ١٣٠٩ و ١٧ حوزەیران ١٣٠٨

نازری کاروباری ناوەخۆ




| 13 سەفەر 1309 | 1869.34 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ سەرۆکی نووسین (باش کتابەت)
١٣ سەفەر ١٣٠٩
٥ ئەیلوول ١٣٠٧
لە مانگی ئەیلوول رۆژی ٣ لە کاتژمێر ١٠ تا رۆژی دواتر کاتژمێر ١٠ لە حەلەب دوو کەس مردووە، لە ئۆغستۆسیش رۆژی ٣١ تا ٣ی ئەیلوول لە عەنتاب لە گوندی کتابلک ٦ کەس، دیسان لە ئۆغستۆس لە رۆژی ٢٨ تا ٣ی ئەیلوول لە گوندی هەولێر ١٣ لە جەزیرەش لە ئەیلوول رۆژی ٣، یەک مردوو هەیە.




<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01281.100830</td><td>4 زیلحیجه 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٠ رەبیعی یەکەم ١٣٠٩<br>٣١ تشرینی یەکەم ١٣٠٧<br>لە کاتی چوونی بۆ سەر کارەکەی لەلایەن چەتەکانی هەمەوەند پارە و کەلوپەلی لێ بردراوە و لە ئەنجام تووشی پەرێشانی و تەنگانەیی بۆتەوە، نائیبی قەزای هەولێر ئەحمەد ئەفەندی نووسراوی مێژووی ٥ کانوونی دووەم ١٣٠٦ داوای گەرانەوەی کەلوپەلەکانی کردووە، نووسراو نێردراوەتە نەزارەت، لەوێشەوە نێردراوەتە ویلایەت، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە، دووبارە ناوبراو داواکاری ناردۆتەوە کە زۆربەی چەتەکان گیراون، بۆیە پەلە بکرێت لە ناردنەوەی کەلوپەلەکان.</td></tr>
</table>




| .DH. MKT | 1889.60 | 12 ڕەبیعی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|

بۆسەدارەتپەناهی
١٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٩
٢ تشرینی دووەم ١٣٠٧
یەکێک لە چەتە ناودارەکان کە هەشت ساڵ دەبێ لە دەورووبەری مەرکەزی ویلایەت هێمنی ناوچەکە تێک دەدات و خەڵک دەکوژێت، ژاندارمە هێرشیان کردۆتە سەری و لەگەڵ کچێک رایکردووە، هەروەها هاورێیەکی بە کوژراوی دەستگیرکراوە، بە پێی پێویست ٢٥٠٠ قوروش بە سەر ژاندارمەکان دابەش کراوە، هەروەها فەرمانبەری پۆلیسی هەولێر یوزباشی وەلەدی ئەفەندی بە مەبەستی سوپاسکردن پلەی بۆ پلە پێنج بەرز بۆتەوە و مەجیدی نیشانی وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە تەلەگرافنامە لە موسڵەوە پێشکەش کراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 1896.119 | 29 رەبیعی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٢٩ رەبیعی کۆتایی ١٣٠٩<br>١٩ تشرینی دووەم ١٣٠٧<br>لە کاتی چوونی بۆ سەر ئەرکەکەی لەلایەن چەتەی هەمەوەند ٤٠ هەزار قوروش پارە و کەلوپەلی بە تاڵان بردراوە، لەگەڵ ٢٢ کەسی خێزانەکەی دەژیت، تووشی پەرێشانی بوونەتەوە، بۆیە نائیبی قەزای هەولێر ئەحمەد ئەفەندی بە تەلەگرافنامە داوای دەستگیرکردنی چەتەکان و گەڕانەوەی پارە و کەلوپەلی ناوبراوی کردووە، لە ١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٦ نێردراوەتە نەزارەتی کەم دەرامەتەکان (نضارت عاجزانه)، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون. | | |




هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>1902.71</td><td>15 جەمادی یەکەم 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٩<br>٥ کانوونی یەکەم ١٣٠٧<br>لە قەزای هەولێر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری خضر ئەفەندی پلەکەی بۆ پلەی پێنج بەرز کراوەتەوە.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 1916.57 | 27 جەمادی کۆتایی 1309 |
| --- | --- | --- |


بۆ نەزارەتی دارایی
٢٧ جەمادی کۆتایی ١٣٠٩
١٥ کانوونی دووەم ١٣٠٧
کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی کە لە هەولێر نیشتەجێیە و خەریکی ووتنەوەی زانست و زانیارییە لەگەڵ دانیشتووی کۆی سەنجەق حاجی عەبدوڵلا ئەفەندی، بە پێی نووسراوی ویلایەتی موسڵ کە بۆ خەزینەی جەلیلە رۆیشتووە، بەهۆی تەنگانەیی و خراپی بژێوی ژیانیان بۆ هەر یەکەیان ١٠٠٠ قوروش مووچەیان بۆ براوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجوومەنی تایبەت بە مۆڵەت وەرگرتن لە سەروو لە مێژووی ١ حوزەیران ١٣٠٧ ویلایەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، ئەمجارە بە پێی وەڵامی ئەو نوسراوانەی کە هاتووە، لە بارەی مووچەکانیان هێشتا سەنەدی رەسمی نەهاتووە، چونکە بۆ ئەم جۆرە مووچانە پێویستی بە سەنەدە، بۆیە پێویستە ئەو سەنەدانە بگاتە دەستمان بە مەبەستی جیاکردنەوەی مووچەکانیان.



هەڵاڵەی کتێب


| DH.MKT. | 1926.66 | 26 رەجەب 1309 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٦ رەجەب ١٣٠٩
١٣ شوبات ١٣٠٧
لـە هەولێـر نیشـتەجێیە و سـەرقاڵی ووتنـەوەی زانسـت و زانیارییـە لەبـەر ئـەوەی تـووشی تەنگانـە و پەرێشـانی بـووە، لەسـەر فەرمـانی حـەزرەتی پاشـا رەزامەنـدی دراوە مانگانـە ١٠٠٠ قـوروشی وەکـو مووچـە بـۆ ببرێتـەوە، کوچـک ئاغـازادە حاجـی عومـەر و حاجـی عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی نیشـتەجێی کـۆی سـانجەق، تـا ئێسـتا سـەنەدی رەسـمی مووچەکانیـان وەرنەگرتـووە، لـە نـووسراوی مێـژووی ١٢ کانـوونی دووەم ساڵـی ١٣٠١ مۆڵـەت دراوە بـە ناردنی ئـەو سـەنەدانە، لـە داهـاتی شـارەزوور مووچـەی دیاریکـراو بـە دوو پارچـە سـەنەدی رەسـمی لـە مێـژووی ٤ کانـوونی یەکـەم لـە ساڵـی ١٣٠٧ لـە دەفتـەری ویلایـەت نێـردراوە، لـە نـەزارەتی داراییـش وەڵام دراوەتـەوە، پێویسـتە جێبەجـێ بکرێـت.



هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>.DH.MKT</td><td>1933.121</td><td>18 شەعبان 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٨ شەعبان ١٣٠٩<br>٥ مارت ١٣٠٨<br>لە هەولێر فەرمانبەری ئەفسەری یوزباشی وەلەد ئەفەندی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکەی بۆ پلەی چوارەم، یەک پارچە نیشانی مەجیدی نیشانی وەرگرتووە.</td></tr>
</table>



| .DH.MKT | 1941.4 | 15 رەمەزان 1309 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٥ رەمەزان ١٣٠٩
٣١ مارت ١٣٠٨
لـە کاتی رۆیشـتنی بـۆ سـەر کارەکـەی لـە لایـەن چەتـەی هەمەوەنـد رێگـەی لـێ گیـراوە و کەلوپـەل و پـارەی تـاڵان کـراوە، لەبـەر ئـەوە تـووشی پەرێشـانی بـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نائیبی قـەزای هەولێـر ئەحمەد ئەفەنـدی بانگهێشـت نامـە نـاردووە، لـە مێـژووی ٥ کانـوونی یەکـەم سـاڵی ١٣٠٦ و ٣١ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣٠٧ بەرزکراوەتـەوە، بـەڵام تـا ئێسـتا کاری بـۆ نەکـراوە، بۆیـە پێویسـتە پێداچوونـەوەی بـۆ بکرێـت.